# هەندێ لەو مۆرك و تایبەتمەندییانەی شێوەزاری کۆیە، کە کۆییەکانی پێ دەناسرێنەوە

**صلاح حویز رسول**[١]

[١] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

لە لێکۆڵینەوەی زماندا بۆ پۆلێنکردن و دەستنیشانکردنی زمانی نەتەوەکان، گرنگییەکی زۆر بە توێژینەوەکانی زار و شێوەزارەکان دراوە. لەم ڕوانگەیەوە لەزاری کرمانجی ناوەڕاستدا تیشکمان خستۆتە سەر شێوەزاری کۆیە. دیاردەی جیاوازی و تایبەتمەندی دەنگی و وشەسازی لە ژینگەیەکدا، لە ئەنجامەی ئەو شێوە دەربڕین و گۆڕانە فۆنەتیکی و فۆنەلۆجییانەیە، کە بەسەر دەنگەکانی زماندا دێت، کە وشەی تایبەت بەو ژینگەیە دێنێتە ئاراوە و تایبەتمەندییەك دەداتە زاری ئەو ناوچەیە و شێوەزارەکەی دیاریدەکات. ئەو جیاوازییانەی شێوەزاری کۆیە جیادەکاتەوە لە زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی زیاتر لە ئاستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا دەردەکەوێت. دەکرێ ئەو دیاردە جیاوازانەی نێوان زار و شێوەزارەکان بە هێڵێك لەسەر نەخشە دەستنیشان بکرێن و سنوری نێوانیانی پێ جیابکرێتەوە.

**کلیلە وشە:** زار، شێوەزار، زاری تاکەکەس، زاری ناوچەیی، هێڵی زارەکان

## Abstract:

This research categorizes and discusses the national languages. It mainly focuses on the dialects and accents. For this reason, we are concentrating on Koya accent within the central Kurdish dialect. The different aspects of phonology and morphology in the context provide a specialty to the area and the accent. This is why, new vocabularies would come to existence, which would make new vocabularies within the context, and these varieties make one accent different from other accents and dialects of Kurdish language. One might take responsibility and draw a map for such differences between accents and dialects.

**Keywords**: Dialect, Accent, Idiolect, Regional Dialect, Isoglosses

## 1. پێشەکی

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە لێکۆڵینەوەکانی زمان ئاراستەیەکی تری گرتەبەر و زیاتر گرنگی درا بە توێژینەوەکانی زار و شێوەزارەکان. بۆ ئەو مەبەستەش زمانەوانانی ئەڵمانی و سویسری و فەرەنسی و ئیتالیایی دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر جۆرەکانی زمانی ناوچەیی، لێکۆڵینەوەکان لەسەر بنەمای زاری جوگرافی و زاری ناوچەیی دادەنران ، کە نمونە لە ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەیەکی تایبەت وەردەگیرا، بەشێوەیەك نمونەی دەنگییان دەهێنایەوە تا پشت بەهەموو وردەکارییەکان ببەستن، هەتا بچوکترین جیاوازییان لە دەربڕینەکاندا وەردەگرت، هەروەها جیاوازییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆجییەکانیشیان دەستنیشان دەکرد، دواتر هەموو ئەو جیاوازییانەیان لەسەر ڕووی نەخشە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگواستەوە، کە هەر نەخشەیەك بۆ یەك تایبەتمەندی زمانی بەکاردەهێنراو بە هێڵێك دەکێشرا، دواتر هەموو ئەو جیاوازییانە کۆدەکرانەوە، لەو شوێنانەی هێڵەکان چڕدەبوونەوە تێکڕای هێڵەکان بە هێڵێك دیاری دەکرا ، کە پێی دەوترێ: هێڵی سنوری هەمان زار یا سنوری جیاکەرەوە، کە ئەودیو بۆ ئەودیوی هێڵەکە لەڕووی دنگسازی و وشەسازی و سینتاکییەوە جیاوازن. بەمەش سنوری نێوان زار و شێوەزارەکان دەستنیشان دەکرێت.

ئامانجمان لەو توێژینەوەیە ئەوەیە؛ ئەو جیاوازییانە بخەینەڕوو، کە شێوەزاری کۆیە لە شێوەزارەکانی تری کرمانجی ناوەڕاست جیادەکاتەوەو سنوری جیاکەرەوەی شێوەزارەکە لە چوارچێوەی کرمانجی ناوەڕاستدا دیاری بکەین، کە  هەندێ لەو فۆنیم و مۆرفیم و وشانە دەستنیشان دەکەین ، کە تایبەتن بە خەڵکی کۆیە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو جیاوازییە دەنگسازی و ڕێزمانییانەمان خستۆتەڕوو، هەروەها شیکردنەوەمان بۆ جیاوازییەکان کردووە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، نمونەمان لەزاری ئاخاوتنی خەڵکی وەرگرتووە، کە لە دوو بەشدا باسی بابەتەکانمان کردووە؛ بەشی یەکەم باسی زمان و زارو ململانێی زارە ناوچەییەکان و شێوەزار و سنوری جیاکەرەوەی زار و شێوەزارەکان کردووە.  لە بەشی دووەمدا شێوەزاری کۆیە و سنوری جیاکەرەوەی لەگەڵ شێوەزارەکانی تر و هەندێ لە جیاوازییە دەنگسازی و ڕێزمانییەکان و فەرهەنگییەکانمان خستۆتەڕوو، کە تایبەتمەندییەك بە شێوەزاری کۆیە دەدەن و مۆرکی خەڵکی شارەکەن و پێی دەناسرێنەوە. لە کۆتایشدا پوختەی ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## 2. سەرەتا

لەسەدەی ڕابردودا لێکۆڵینەوە زمانییەکان ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت و زارەکان گرنگییەکی زیاتریان پێدرا، لە ئێستادا بە ڕەگەزێکی گرنگی نێوان لێکۆڵینەوە زمانییە نوێکان دادەندرێت، لە زانکۆ پێشکەوتووەکاندا لقێکی تایبەتی هەیە بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندی زار و شێوەزارەکان، نمونەکان بە دەنگ تۆماردەکرێن و هەڵدەگیرێن و دەمێنێتەوە. لەلای کورد لە ئێستادا ناتواندرێت لێکۆڵینەوە لە زارە کوردییەکان بەتەواوی ئەنجام بدرێت، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ڕێگر دەبن لەهەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی زمان و کەلتوری نەتەوەی کورد بکرێت، بۆ زانینی تایبەتمەندییەکانی زمان و زارەکان پێویستی بە مانەوە هەیە لەو ژینگانەدا. ئەوەی کە زمانەوانان ئەنجامیان داوە زمانی کوردی بەگشتی دابەشی چوار زار کراوە (کرمانجی ژورو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خوارو، گۆران)، کە هەریەکێك لەو زارانەش چەند ژینگەیەکی شێوەزاری تری تێدایە، کە خەڵکەکەی قسەی پێدەکەن، لە هەندێ سیمادا هاوبەش و لە هەندێکی تردا جیازازن لەو ژینگەیەی ئەوی تر، وەك جیاوازی دەنگی و وشەسازی کە شێوەزارێك لە ئەوی تر جیادەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەر هۆزە و ناوچەیەك شێوەزارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، تاڕادەیەك لێکتێگەیشتنێکی باش لەنێوانیاندا هەیە بەپێی دورونزیکییان ڕێژەکەی دەگۆڕێت و تازیاتر لێك دور بن و کەلێنەکە فراوانتر بێت و ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە، بەڵام ناگاتە ئەو ڕادەیەی لێکتێنەگەیشتنی تەواو لەنێوانیاندا دروست بێت، کە هۆکاری ئەو جیاوازییانەش سروشتین یا هۆکاری سیاسی ، مێژویی، ئایین و کۆمەڵایەتی و... هتد. هەرچەندە خەڵکی شاری کۆیە گرنگییەکی تایبەت بە زمانی نوسین و خوێندن دەدەن ، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا شێوەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بەوە ناسراوە خەڵکەکەی زمانیان پاراو و ڕوونە لە دەربڕیندا و شێوازێکی تایبەتی هەیە، کە ئاوازی گۆکردنیان لە ئاستێکی ڕێك و خێرایی دەربڕینیان مامناوەندە، بەپێی پێویست و جەختکردنەوە نەبێت وشە و بڕگەکانی درێژناکەوە، هیچ دەنگێك لە وشە و بڕگەکاندا بەبێ هۆی یاسایی ناقرتێنن، جگە لە گۆڕینی هەندێ ڤاوڵدا جیاوازی دەبیندرێ یا ئەو دەنگانەی دەکەونە ژێر یاسای دەنگسازیی زمانی کوردییەوە.

### 2.1 زمان و زار

زمان لەڕوانگەی جیاجیاوە سەیری کراوە، بۆیە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام بەگشتی زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زمان هێمای دەنگییە بۆ پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەك بەکار دێت، کە بەپێی یاسا لە پەیرەوێکی دەنگیدا ڕێکدەخرێت، لەناو کۆمەڵدا ڕێکەوتنی لەسەرکراوە. لەو پێناسانەی کە دەڵێ: زمان سیستەمێکی هێماییە کۆمەڵێك مرۆڤ لەنێوان خۆیاندا لەسەری ڕێککەوتون و بۆ پەیوەندیکردن بەکاری دەهێنن ( فارع شحدە،جهاد حمدان، عمایرە موسی ، العانی محمد، 11: 2006) . زمانەوانان زمان دەبەنەوە بۆ ناو کۆمەڵ و بەوەی پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە و وەك مرۆڤ لە گەشەکردندایە، هەروەها سکێنەر وا دەڕوانێتە زمان، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەشێ وەك هەر ڕەفتارێك گرنگی پێ بدرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە ( مراد. ولید محمد: 1986: 27). کاتێك دەڵێین؛ کەسێك دوو زمان بەباشی دەزانێ، مانای ئەوەیە دوو سیستەمی هێمایی سەربەخۆی هەیە، کە ڕێکەوتنی لەسەرە و دواتر دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی دوو گروپی مرۆڤ بکات، کە سەر بە دوو کۆمەڵن، کە هەر یەکێکیان سیستەمێکی زمانی تایبەتیان هەیە ( فارع شحدە، و ئەوانی تر، 2006: 11) . ئەو تایبەتییانەی کە زمانەکان  لە یەکتر جیادەکاتەوە بەوەی هەر زمانێك ژمارەیەك هێمای دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بە مەبەستی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆری بیروڕاکانیان بەکاری دەهێنن، ئەمە و هەندێ شتی تر کە یارمەتی زمان دەدەن لە گەیاندندا، وەك هێز و ئاوازە و خێرایی و هەڵوەستە و لەرەلەر و باری لەش و دەربڕینەکانی دەموچاو و جولانەوەی سەر و ئەندامانی لەش و دووری کە لەڕووی لەشەوە توانای گەیاندنی قسەکەرلە گوێگر دادەبڕێت، هەروەها لایەنی میتازمانی کە

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا © ٢٠١٩
١-٣ نیسانی ٢٠١٩

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen265

توانای گەیاندن دەردەخات. شارەزایی میتازمانی ئەو توانا یەیە، کە قسەکەر بەسەر زمانەوە هەیەتی لە شیکردنەوە و دەرکردنی بڕیار لەبارەی ڕاست و دروستی یان ناڕاستی وشە و ڕستەیەکی دیاریکراودا، هەندێ لەو شارەزاییانە تەنها بەهۆی ئەوانەوە دەستناکەوێت، بەڵکو بە فێربوون و شیکردنەوەی وشەیەك بۆ دەنگەکانی بە مەبەستی ئاسانی دەربڕین یان بە بەکارهێنانی چەمکی وەك بکەر و بەرکار لە درکاندنی قسەکەر لە زمانەکەدا.

زۆربەی زمانەکان لە چوارچیوەی جوگرافیایی جۆراوجۆردا هەندێ جیاوازی لە دەربڕین و وشەکان و هەتا ڕستەسازی نیشان دەدەن. هەر یەکێك لەو جیاوازییانە دەبێتە هۆی پەیدابوونی شێوەی ئاخاوتنی تایبەت، کە ناونراوە زار. کەواتە زمان بریتییە لەو جیاوازییانەی لە دەنگ، وشە و ڕستەکانیدا هەیەتی لەگەڵ زمانێکی تر، کە ئەندامانیان ناتوانن لە یەکتری بگەن، بەڵام ئەگەر هاتو جیاوازییە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەکانیان بەو جۆرە بوو، کە توانرا لێکتێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵەکەدا ڕوویدات ، ئەوا بە زار دادەنرێت، واتە لێکتێگەیشتن بە پێوەرێکی جیاکردنەوەی نێوان زمان و زار دادەنرێت(فريحة أنيس، 1989:77) . زمانی کوردی ژمارەیەکی زۆر لە زاری جیاوازی هەیە، کە جیاوازی هەندێ زار بە ڕادەیەکە ، کە ئاخێوەرانیان بە زەحمەت لە زمانی یەکتر دەگەن. لەم ڕووەوە سنوری نێوان زمان و زار گەلێك جار ورد نییە، بەڵام لە دەرخستنی جیاوازی نێوان ئەو ڕووەدا، زۆربەی ڕای وایە، کە زارەکان سەرەڕای جیاوازییەکانیان ئاخێوەرانیان دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن. لێرەدا گەیاندن و تێگەیشتن کارێکی ڕێژەییە(سیما و زیرنیا، 1379 :112). بەم پێیە کەسێکی هەورامی ڕێژەی تێگەیشتنەکەی زۆر کەمتر دەبێتەوە لە کەسێکی باکور یان ڕۆژئاوای کوردستان، خەڵکی هەولێر زۆر بە کەمی لە زازاییەکی باکور دەگەن. بەڵام نمونەی پێچەوانەی ئەمەش هەیە، کە دوو کۆمەڵ لێکتێگەیشتن لەنێوانیاندا باشە و کەچی بە دوو زمانی جیاواز لەیەکتری دادەندرێن. ئەوەی لە زمانە سکەندناڤییەکاندا(نەرویجی و سوێدی و دانیمارکی) لێکتێگەیشتن لەنێوانیاندا بە ڕادەیەکی باشە، بەڵام بە سێ زمانی جیاواز دادەنرێن، کە فۆرمە ستانداردەکانیان بە یاسا ڕێکخراوە لەگەڵ ڕێنووسی خۆیان، کتێبی ڕێزمانی، و ئەدەبەکانیان؛ کە گونجاوە بۆ سێ نەتەوەی لێکجیا؛ کە قسەکەرانی وادادەنێن کە بە زمانی جیاواز قسەدەکەن(Chambers & Trudgil, 2004:3). کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤ، کە بە زمانی هاوتا قسەدەکەن زمانەکەیان لەگەڵ یەکتر جیاوازە، زارەکانیان گۆڕانێکی بە سیستەم لە ڕێزمانی زمانەکەیاندا نیشان دەدەن. کاتێ کە ئەم بابەتە دیاری دەکەین، ئایا جیاوازییە سینتاکسییەکانی نێوان دوو کۆمەڵی زمانی نیشان دەدرێت، دوو زاری جۆراوجۆر یا دوو زمانی جیاوازن؟ ئەو پێناسە گشتییە دەتوانین بەکار بهێنین ، کاتێ کە زارەکانی دوو لایەنی بەرامبەر بەشێوەیەك تێکناگەن ـ واتە کاتێ کە قسە پێکەرانی کۆمەڵە زارێك نەتوانن قسەکانی ئاخێوەرانی کۆمەڵە زارێکی تر تێبگەن ـ ئەم زارانە دوو زمانی جۆراوجۆرن. بەڵام پێناسەی زاراوەی لەیەکتێگەیشتن کارێکی ئاسان نییە. دانیمارکییەکان بە زمانی دانیمارکی و نەرویجییەکان بە زمانی نەرویجی و سویدییەکانیشن بە زمانی سویدی قسەدەکەن. بەم پێیە بێ دانیمارکی، نەرویجی و سویدی بە سێ زمانی جۆراوجۆر دادەنرێن، لەبەر ئەوەی لە سێ وڵاتی جیاواز بەو زمانانە قسەدەکرێت و جیاوازی لە یاسا سینتاکسییەکانیاندا هەیە لەلایەکی ترەوە ماندارین و کانتۆنی لە چیندا ، ئەگەرچی بە شێوەیەك لێکتێگەیشتنی بەرامبەریان هەیە، بەڵام بە ناونیشانی زارەکانی زمانی چینی ئەژماردەکرێن، لەبەرئەوەی هەردووکیان لەیەك وڵاتدا قسەدەکەن و سیستەمێکی نوسراوی هاوبەشیان هەیە (فرمکین، رادمن، هیامز:2009 : 519). بەڵام ئەمە بەکەڵك نییە بۆ ئەوەی سنوری نێوان زارو زمان جیابکەینەوە و بزانین کە ئەمەیان زارە و ئەویتریان زمانە، بۆیە لەڕوانگەی بۆچوونەکانی زمانەوانییەوە جیاکردنەوەی وردی نێوان زمان و زار بەشاراوەیی ماوەتەوە. ڕای پێچەوانەی ئەوەش لە بۆچوونی فتاح، محمد معروف: 2011 : 109)دا : زار بەو شێوە زمانە دەوترێ، کە کۆمەڵە کەسێ لە شوێنێکدا بەکاری دەهێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن، بەپێی ئەم پێناسە؛ زمانی(کانتۆنی و ماندارینی) بە دوو زمانی جیاواز و (دانیمارکی و نەرویجی) بە دوو زاری زمانێك دادەنێت. دەبێ ئێمە لەڕوانگەی ئەو پێناسە گشتییە کەڵك وەرگرین؛ زارەکانی زمانێك جۆرێك لێکتێگەیشتنیان هەبێت و ڕێزمانێکی بنچینەیی بزانن، و جیاوازی سینتاکسی لە نێوانیان بوونی هەبێت.

ئەو بۆچوونانەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێ: زمان تایبەتە بە نەتەوە، کە تاکەکانی نەتەوەیەك وادادەنێن زمانی جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە هەر سێ نەتەوەی کوردو فارس و پشتو، هەرچەندە پەیوەندی هاوخێزانییان بە یەکەوە هەیە و تاڕادەیەك لێکتێگەیشتن لەنێوانیاندا دەبێت، بەڵام هەر یەك لەوانە بە سێ زمانی جیاواز دادەندرێن، جگە لەوەی لەڕووی جوگرافی و مێژویی و سیاسی و کەلتوری وەك زمان جیاوازن ، هەریەکێکیان ڕێکخستنی زمان و ڕێزمان و ئەدەبی تایبەت بەخۆیان هەیە، قسەکەرانیان وادادەنێن، کە سێ زمانی جیاوازن.


## 2.2 گەشە و گۆڕان لە زماندا

لەم ساڵانەی دواییدا زمانەوانەکان توانییان بنچینەی گۆڕانی دەربڕینەکانی زمانی مرۆڤایەتی لە سەرەتاکانییەوە بگەڕێننەوە بۆ پێش سێ ملیۆن ساڵ، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئێستا (6000) زمان لەسەر ڕووی زەوی هەیە. (لوکان، مارسیل : 2007 : 55). لێکۆڵینەوە نوێیەکان لێکدانەوەیەکی تر بۆ زۆربوونی زمانەکان، یان گۆڕانی زمانێك بۆ چەند زمانێکی تر دەکەن، گەر دیترا زمانێك دابەش بووە بۆ زمانی تر هۆکاری زۆرە، لەوانە فراوانبوونی زمانێك لە چەند هەرێمێکی فراوانی زەویدا، و دوای ئەوەی کە زمانەکە بڵاودەبێتەوە لەدەست زمانێکی یەکگرتو دەردەچێت، ئەوا زمانەکە جیادەبێتەوە بۆ چەند زارێك، و هەر زارەی سیمای تایبەتی خۆی وەردەگرێت و لە براکانی جیاواز دەبێت، دواتر زارەکە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دەگۆڕێت بۆ زمانێکی سەربەخۆ(طليعات، غازي مختار: 2000 : 58 ). ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێن بەدوو ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆن، کە ئەوەش لایەنێکی نێگەتیڤی زمانەکە و دابەشبوونیەتی بۆ چەند زارێك و دواتر ئەگەر بەتێپەڕبوونی کات جیاوازییەکانیان لەو ناوچە جوگرافیایەی داگیری دەکەن بەرەو زیابوون ڕۆیشت، ئەوا زمانی سەربەخۆ دروست دەکەن . ئەوی تریان لایەنی زیندویەتی زمانێکە، کە زمان بە ئاراستەی نزیکبوونەوەی زارەکان و یەکخستنیان لە چوارچیوەی زمانێکدا ، واتە بە گەشەکردنی زار بۆ زمان دادەندرێت.

زمانی فەرەنسی زاراوەیەکی لە زاراوەی Dialecte بەکاردەهێنێ، کە Dialectisation کە جورج مونان لە فەرهەنگەکەیدا ئەم پێناسەیەی داناوە: "کردەیەکی مێژوییە زمانێکی هاوتوخم یان کەم جۆر (لە ئاستی زارەکانیدا) چەند جۆرێکی لێ بڵاوبێتەوە و تا بێ زۆر ببێت، بەهۆی دابڕانی ئەو ناوچانەی قسەی پێ دەگەن . هەمان کردەش ڕێ بە گۆڕانی زارەکان دەدات بۆ زمانەکان بەڕێگای یارمەتی دەرکەوتنی لێکتێنەگەیشتن"؛ واتە کردەی گۆڕان بە دوو ڕێگای پێچەوانە: یەکەمیان گۆڕانی زمان بۆ کۆمەڵێك زار، کە بە فەوتانی ئەو زمانە دادەندرێت، وەك ئەوەی بەسەر زمانی لاتینیدا هات، کە دابەش بوو بۆ زمانە ڕۆمانسییەکان دواتر ئەو زمانە مرد و لە بەرامبەریدا ئەو زارانەی لێی جیابوونەوە گۆڕان بۆ زمانی تر. یان ئەم زارانەی دەرکەوتوون بەبەردەوامی بەرەو زمانی ستاندارد دەچن، ئەوەش بە گەشەکردنی زمان دادەندرێت(خلاف، مسعودة, 2011 : 77) ، وەك ئەوەی بەسەر زمانی عەرەبیدا هات، کە زاری قورەیش بووە چەقی کۆکردنەوە و یەکخستنی هەمووزارەکانی تر، کە بە ستانداردی عەرەبی دادەندرێت.

هەرچەندە کورد زمانێکی هاوبەش یان ستانداردی نییە، کە هەموو کورد کۆبکاتەوە و بیێتە سومبلێك بۆ نەتەوەکە و زمانەکە لە دابەشبوون و فراوانبوونی جیاوازییە فۆنەتیکی و ڕێزمانییەکان بپارێزێ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کورد لەسەر پێی خۆی وەستاوە و بەرەنگاری هەموو هەوڵێکی هەرێمایەتی و ناوچەیی دژ بە زمانەکەی بۆتەوە، کە لە سەدەی ڕابردوودا لە تورکیادا کەوتە بەر شاڵاوی تورکە ڕەگەزپەرستەکانی ئەتاتورك و ئەوانی تر، کە تا ئێستاش بەردەوامە، هەروەها لە عێراق و سوریاو ئێرانیش هەمان هەوڵ دراوە، بەڵام هەموویان شکستیان هێناوە . لە جیهانی ئەمڕۆماندا بە تایبەتی لە سێ دەیەی ڕابردوودا، شۆڕشەکانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو هەوڵە دوژمنکارانە و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تاڕادەیەکی باش توانیویانە زمانی کوردی بگەیەننە ناو ماڵی هەموو خێزانێکی کورد لە هەر کوێیەکی جیهاندا بێت، بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگی لە بوژانەوە و سەرهەڵدانەوەی هەستی نەتەوایەتی و فێربوونەوەی زمانی کوردی بینیوە لە تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستاندا، کە نزیکەی هەشتا ساڵێك بوو زمانی کوردی دایك قەدەغە و تەنانەت دان بە بوونیشی دانەدەنرا. ئەوەش جێی دڵخۆشییە زمانی کوردی هەنگاوی باشی ناوە بەرەو یەکخستنەوە و لێکنزیکبوونەوەی زارە کوردییەکان، واتە لایەنی پۆزەتیڤ و گەشەکردن و زیندوێتی زمانی کوردی دەخاتەڕوو.

پەیوەندی زمان و زار لە و هێلکارییەی خوارەوەدا ئالو گۆڕی ڕۆڵەکانە بەگوێرەی وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی قسەکەرانی زمان . زمان کاتێ کە دەستبەرداری پێگەکەی خۆی دەبێ بۆ زار، لەڕاستیدا بە لەناوچوون و گۆڕانی زمان دادەنرێ، واتە زمان بەرەو دابەشبوون بۆ زارەکان دەچێت. ئەگەر وا ببینین زمانێك لە بنەڕەتدا واتای گەشەکردنێکی پۆزەتیڤ بەخۆیەوە دەبینێ، ئەوا زارەکان بە ئاراستەی زمانێکی هاوبەش و یەکگرتوو هەنگاو دەنێن( خلاف،مسعودة: 2011 : 82).




شێوەی گەشەکردنی زمان لەناو زارەکاندا بۆ دروستبوونی زمانێکی ستاندارد یان لەناو شێوەزارەکانی زمانێکیشدا ڕوودەدات، وەك ئەوەی ئێستا لەناو زاری کرمانجی ناوەڕاستدا هەیە، هەموو شێوەزارەکانی لەو چەپکەدا کۆکردۆتەوە و بگرە بەرەو کرمانجی خوارو گۆڕانیش پەلی هاویشتووە، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا زمانی پەرلەمان و حکومەت و زۆربەی زۆری دام و دەزگا حکومی ڕۆشنبیرییەکانیشی گرتۆتەوە.

### 2.3 زار

لەناو خەڵکی ئاساییدا زاراوەی (زار) لەگەڵ زماندا جیاناکرێتەوە، بەوەی هەستێکی ناوچەگەری لەناخی تاکەکانی کۆمەڵەکەماندا بوونی هەیە یان لە بێ ئاگاییەوەیە زمان و زار و شێوەزار تێکەڵ دەکەن. جگە لە خەڵکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و پسپۆڕی زمان نەبێت هەر هەموویان بە زمان ناو دەبەن، وەك زمانی بادینی، زمانی سلێمانی و.....هتد. زاراوەی زار، زاراوەیەکی نوێیە دێرینەکان زاریان بە زمان دەردەبڕی. زار بەوە پێناسە کراوە: بریتییە لە کۆمەڵێك سیمای زمانی سەر بە ژینگەیەکی تایبەت، هەموو تاکەکانی ئەو ژینگەیە بەشداری لەو سیما زمانییانە دەکەن، و ژینگەی زار بەشێکە لە ژینگەیەکی گشتی و فراوانتر و چەند شێوەزارێك لەخۆدەگرێت، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان لە کۆمەڵێك دیاردەی زمانی بەشداری دەکەن، پەیوەندی تاکەکانی ئەو ژینگانە بە یەکترەوە ئاساندەکەن، هەر ئاخاوتنێك لەنێوانیاندا ڕوویدات، دەوەستێتە سەر بڕی ئەو پەیوەندییەی زارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە(زهران، البدراوي، 2008 : 275). هەروەها چەمکی زار لەلای زمانەوانە نوێیەکان پێناسەی تریشی بۆ دەکرێت: زار کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانییە ژمارەیەك لە تاکەکانی ژینگەیەکی دیاریکراو قسەی پێ دەکەن، ئەم تایبەتیانەش لە ئاستە جیاوازەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازیدایە، کە لە زارەکانی تری زمانێك جیای دەکاتەوە، بەمەرجێك ئەم تایبەتمەندییانە ئەوەندە زۆر نەبێ کە وا لە زارەکە بکات نامۆ بێت و لێی تێنەگەن، چونکە کاتێك ئەم سیفاتە تایبەتیانە زۆر بوو بە تێپەڕبوونی کات ئەوەندە نامێنێتەوە و دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ(شفيع الدين، محمد : 2007 : 76) . هەروەك زمانی سامی، کە زمانەکانی عەرەبی و عیبری و ئارامی و هی تری لێ جیابۆتەوە. بەم پێیە زار کۆمەڵێك سیمای تایبەتی هەیە، کە هاوبەشە و هەموو تاکەکانی ژینگەیەك بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کە دەتوانن بە ئاسانی لەیەکتری بگەن و پەیوەندییەکانیان لە سنوری ژینگەیەکی تایبەتدا ئاڵوگۆڕ پێ بکەن، کە لەڕووی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی و واتاسازییەوە، جیاوازی دەبێت لەگەڵ زارەکانی تری دەوروبەری.

زار سیستەمێکی زمانییە، کە لە زمانێکی بنەڕەتی جیادەبێتەوە، بەڕەگەزێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دادەندرێت، چونکە زارەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و هەرێمایەتی لە زمانە جۆراوجۆرەکان جیادەکاتەوە. بۆ نمونە زاری نوسراو لەڕووی سینتاکس و مۆرفۆلۆجییەوە جیاوازییەکی ئاشکراو دیاری هەیە لەگەڵ زاری ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك یا ئەوەی زمانەوانەکان بە شێوەزار (اللكنة) accent ناوی دەبەن . ئەوەی زمانەوانە کوردەکان زمانی کوردییان دابەشی سەر چوار جۆرە زاری سەرکی کردووە ، کە لە ئەنجامی ئەو جوگرافیا بەرفراوانەی کوردستان و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا بووە. زمانەکان هەموویان لەڕووی سروشتی فۆنیمەکان، وشەسازی، یاسای سنتاکسی و هێزەوە لە پەرەسەندن و پێشکەوتندان. پسپۆڕانی زانستی زارەکان جەخت دەکەنەوە، ئەو زمانەی کە خەڵکێکی زۆر قسەی پێدەکەن زارێکی زۆری لێ دەبێتەوە، ئەو زارەی کە چینی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات پێی دەوترێ زاری کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو زارەی ناسنامەی قسەکەر دەدۆزێتەوە پێی دەوترێت زاری ناوچەیی. هەندێ لە پسپۆڕانی زمانەوانی دانانی ڕۆنانێکی هەرەمی بەگوێرەی پێگە و بەکارهێنانی زارەکان پەسەندتر دەکەن، وەك دەبینین: زاری شکۆدار (اللهجة المرموقة) acrolect، هەروەها زاری ماملناوەند (لهجة وسطية) mesolect، هەروەها زاری بنچینەیی/باو(قاعدية) basilect کە لە خوارەوەی هەرەمەکەیە. دیارە، کە بۆ هەموو زارێکی هەرێمی ـ کۆمەڵایەتی ژمارەیەك زاری کەسی(الشخصية) Idiolects هەیە، کە بە سەرجەمیان تاکە زارێك لەسەر ئاستی ناوخۆیی پێکدێنن، و دواتر دەتوانین بڵێین، زارە کەسییەکان لە بنەڕەتدا پێکهێنەری زارە هەرێمایەتی و کۆمەڵایەتییەکانن، کە لەوانەش زاری ستانداردی نەتەوە یان گەل پەیدادەبێت(حداد:2008 : 187).

ژینگەی زار بەشێکە لە ژینگەیەکی گەورەتر، کە چەند زارێك دەگرێتەوە، بەڵام هەر یەکێکیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، هەموویان لەنێوان خۆیاندا کۆمەڵێك دیاردەی زمانی بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، کە تاکەکانی ئەم ژینگەیە بە یەکترەوە دەگەیەنێ و لە قسەی یەکتر دەگەن. ئەم ژینگە گشتییەی کە لە چەند زارێك پێکهاتووە ئەوەیە، کە پێی

دەوترێت زمان. پەیوەندی نێوان زمان و زار بریتییە لە پەیوەندی نێوان گشت و تایبەت. کاتێك کە لەبواری زمانیدا زارەکان زۆر بوون، بە زەحمەت سنوری نێوانیان دادەندرێت، بەڵام ئەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان مانای ئەوە نییە، کە زارەکان هەر سنوریان نازانرێت، چونکە هەموو زارەکان کۆمەڵێك سیفاتی هاوبەشیان هەیە. دەتوانین بڵێین ژمارەیەك هێڵی جیاکەرەوەی تایبەتمەند لەنێوان زارەکاندا هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لەگەڵ هاوسێکەیان، هەرچەندە کاتێك کە نەتوانین بەشێوەی نزیکەیی و بە وردی وێنەی ئەو هێڵانەی نێوان دوو ناوچەی هاوسێی یەکتر بکێشین، ئەوا هەر یەکێکیان بە کۆمەڵێك لەو سیما گشتییانە جیادەکرێتەوە، کە لە ئەوی تردا نییە. دابەشکردنی زار دەوەستێتە سەر هەستی ڕاستەقینەی دانیشتوانی ناوچەیەك، وا هەست دەکەن، شێوەی قسەکردنیان ئەو شێوەیە نییە، کە دانیشتوانی ناوچە هاوسێکەی قسەی پێ دەکەن(شفیع الدین، محمد : 2007: 76).

## 2.4 زارە ناوچەییەکان و ململانێکانیان

دیارە، کە پەیدابوونی زاری جۆراوجۆر، لەژێر کاریگەری هۆکاری جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە پەیدا دەبێت ، کاتێك کە زمانێك لە سنورێکی فراواندا بڵاودەبێتەوە، کۆمەڵێك لەمپەری سروشتی وەك شاخی سەخت، نەبوونی ڕێگای هاتوچۆ، بەربەستی ئاوی ڕوبارەکان و دەشت و بیابانی وشك و بێ ئاو لە کۆندا، هەروەها بەربەستی کۆمەڵایەتی لە جۆری سیاسی، نەژادی، چینایەتی، یا بەربەستی ئایینی جیاوازی زارەکان بەهێزتر دەکات. جگە لە هۆکاری ناوەوەی خودی زمان، کە دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی پەیدابوونی زاری جۆراوجۆری زمان. کاتێ کە دوو قسەکەری زمانی کوردی لە دوو ناوچەی جیاواز قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن هەردووکیان وەك یەك نین، بەڵکو جیاوازی لە گوفتار و دەنگ وبەکارهێنانی وشە و شێوازی قسەکردنیشیاندا بەدی دەکرێت، کە هەر یەکێکیان بە شێوەیەکی تایبەت بە ناوچەیەکی جوگرافیایی خۆیان قسەدەکەن، کە بە زاری ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژین ناودەبرێت، چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە زمانێکی تایبەت قسەدەکەن، کە جیاوازە لە شێوەی ئەویتریان.

پەیدابوونی جیاوازی زارەکان زیاتر بەندە بە ڕادەی لێکترازانی نێوان کۆمەڵەکە و دەوەستێتە سەر شوێنەکە، بەڵام ئەمڕۆکە دابڕان کەمترە، و بەڵگەی ئەوەش بوونی هۆیەکانی گواستنەوە و گەشتکردن پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەهێزتر کردووە، بەڵام هەستی ناوچەگەری لەناوەوەی یەك وڵاتیشدا بوونی هەیە. کاتێك کە گۆڕانێك لە ناوچەیەکدا بێتە دی و نەتوانرێ لە ناوچەکانی تری ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا گەشە بکات، ئەوا توشی جیاوازییە زمانییەکان دەبێت. هەرکاتێ جۆرە جیاوازییەك بەڕادەیەکی تەواو ببێتە هۆکارێك کە زمانەکە لەناو ناوچەیەکی تایبەتدا کەڵك وەربگرێت، لەو بارەدا، ئەو جۆرەی زمان بە زاری ناوچەیی دادەندرێت(فرامکین و ئەوانی تر: 2009 : 521).

زارەکان لەو ڕووبەرەی کە هەر یەکێکیان داگیری دەکەن زۆر جیاوازن لەیەکتری، ناوچەیەك بێت یا گوندێك، هەروەها لە ناوچە زمانییەکاندا جیاوازن، و هەر زارێك لە زارە ناوچەییەکان پارێزگاری لە کەسایەتی و قەوارەی خۆی دەکات، بەربەرەکانی داهێنان و گۆڕان لە ناوچەکەیدا دەکات، و لە ئاستییەوە بەرهەڵستی دەنوێنێ، هەروەها بەتوندی بەرهەڵستی هەموو هێرشێکی دەرەکی دەکات، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

بەڵام زمان لەناو ناوچەکەیدا بەرهەڵستی هۆکارەکانی داهێنان دەکات؛ بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە قسەکەرانی زمانەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، و هەر هەوڵێکی تاکە کەسی بۆ دەرچوون لەو سیستەمە زمانییە بدرێت، کە لە کۆمەڵێکی بەهێزەوە وەریدەگرێت، لەجێی خۆیدا زامنی لەناوبردنی دەکات، بەمە زارەکە لە هەموو کەموکورتییەك دەپارێزێت(وافی : 2007 : 199). بەڵام چاکەی پاراستنی لە زارەکانی هاوسێی دەگەڕێتەوە بۆ بێهێزی ئەو پەیوەندییانەی کە خەڵکەکەی بە هاوسێکانییەوە دەبەستێتەوە، و کەمی بواری بەریەککەوتنیان، بەتایبەتی ئەگەر کەلێنێکی گەورە لەنێوانیاندا هەبوو لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، جگە لەوەی هەندێکجار زارە ناوچەییەکان هەلی بۆ دەرەخسێ بە بەردەوامی لەگەڵ زارێکی تردا بەریەك بکەون. لەو کاتەدا هەردوو زارەکە لە ململانێیەکی ناوخۆییدا بەگژ یەکتردا دەچن، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لە شێوە و ڕوخسارەکانیان لە ململانێی زمانیدا ڕوونادات ، کەواتە زاڵبوونی زارێك بەسەر زارێکی تردا  وا دەکات زمانە جیاوازەکان بەئاسانی بەسەر یەکتریدا زاڵ ببن. بۆنمونە ؛ کاتێ بەهۆی ڕوخانی ڕژێمی پێشو، و شەڕی داعشەوە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکانی ناوەڕاستی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و بەسەر شارەکاندا بڵاوبوونەوە، بەڵام لەبەر کەمی ئەو ژمارەیە لەبەرامبەر دانیشتوانی شارەکانی هەرێم و بۆ پەیداکردنی ئیش و دەستکەوتنی بژێوی ڕۆژانەیان ناچار بوون پەیوەندی بە دانیشتوانی شارەکانەوە بکەن، لەکاتێکا هەموو کەسێك زمانی عەرەبی نەدەزانی، بۆیە بەشێکی زۆریان ناچاربوون بۆ دەستکەوتنی کارەکانیان فێری زمانی کوردی ببن. ئەوەش بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە لە کارەکاندا زمانەکەیان کەوتە ژێر کاریگەریی زاری ناوچەکەوە. هەمان شت ڕوو دەدات کاتێ چەند خێزانێکی گوندی ڕوو لە شار یان ناوچەیەکی تر دەکەن و منداڵەکانیان تێکەڵ بە منداڵی شار یا ناوچە تازەکە دەبن، لەبەر کەمی ژمارەیانەوە ناچار دەبن بچنە ژێر باری زاری ناوچەکەوە و زارەکەیان بگونجێنن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، بۆ ئەوەی زارەکەی یا شێوەزارەکەی سوکایەتی پێ نەکرێ.

جاری وا هەیە زارێك لەگەڵ زمانێك یا دوو زمانی تر بەریەك دەکەون، ئەوەش بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری و ژمارەی قسەپێکەران و یەکگرتوویی و دەسەڵاتی سیاسی زارەکە کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت. ئەگەر ڕادەی ڕۆشنبیری و ژمارە و دەسەڵاتیان لەیەکەوە نزیك بوو، ئەوە کاریگەرییەکی خراپی بەسەر زارەکەوە نابێ بەرامبەر زمانەکەی تر دەوەستێتەوە و وەك یەك دەبن، هەر وەك کاریگەریی عەرەب و تورکمان لەسەر شێوە زاری کەرکوك، یان ژمارەیەك لە دانیشتوانی ناوچەیەك بەهۆی ڕاگواستن یا هێرشی سەربازییەوە کۆچ دەکەن بۆ ناوچەی زارێکی تر، لەبەر کەمی ژمارە و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری ناوچەکەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی زاری ئەوانەوە و بەسەریاندا دەسەپێ، وەك لە کۆچکردنی یەزیدییەکانی ناوچەی شەنگال و کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ شاری سلێمانی و هەولێر و دەوروبەریان.

دیاردەی فرە زاری لایەنێکی پۆزەتیڤی هەیە لەو ڕووەوەی کە ماددەیەکی خاو بۆ توێژەران و زانایان دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی لەسەر زارەکە بنوسن، هەروەها ئاگاداری سروشتی ئارەزووی توندی و هێواشی دەنگی هۆزەکان دەبین، بەڵام لایەنی نێگەتیڤی ئەوەیە؛ ڕۆڵ لەوەدا دەبینێ، کە نەتەوەکە دوور دەخاتەوە لە زمانە ڕەسەنەکەی و توانای نەتەوەکە لەڕوانگەی نەتەوەکانی ترەوە کەم دەکاتەوە (الذوابة، طماح: 2009 : 5).

## 2.5 شێوەزار

ئەوەی تێبینێ دەکرێ زمانەوانەکان زاراوەی جیاوازیان بۆ شێوەزار بەکارهێناوە؛ دیالێکتی سۆران و دیالێکتی سلێمانی (یۆسوپۆڤا و موکریانی:2005 : 25) ، شێوەزار(ناوخۆش، سلام: 2010 : 31)، زارو زارۆچکەکانی زاری ناوەڕاست(دزەیی، ع. مشیر: 2011 : 35). لە عەرەبیدا اللکنة، لە فارسیدا لهجه بۆ شێوەزار و گویش بۆ زار بەکارهاتووە، لە ئینگلیزیشدا accent بەکاردێت. شێوەزار هەموو ئەو جیاوازییە دەنگی و وشەییانەی کە خەڵکی ناوچەیەکی زمانی قسەی پێ دەکەن لەهەندێ ڕووەوە ڕوخساری هاوبەش و لەلایەکی ترەوە جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، کە ئەم تایبەتمەندییانەش

سیمایەکی گرنگە بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە. بەپێی ئەو ڕاستییە، هەموو شارو شارۆچکە و گوندێك شێوازێکی تایبەتی هەیە.

زمانەوانان لەڕووی تەکنیکییەوە تێبینی دوو خاڵی گرنگ لەبارەی شێوەزارەوە لەم چەمکەدا دەخەنە ڕوو؛ یەکەمیان ئەوەیە، کە تەنها دەربڕین دەگرێتەوە و دووەمیان ئەوەیە، کە گشتییە؛ هەموو کەسێك بە شێوەزارێکی تایبەتی قسەدەکات، کە ئاوازە و چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ و بەکارهێنانی وشەکانە لەناو ڕستەدا( Bauer,Laurie: 2007 : 7 ) بۆ نمونە دەنگی (س ، پ) لە وشەی ( سۆپا)دا لە زمانی کوردیدا یەکێك لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نێوان شێوەزارەکانە لە کرمانجی ناوەڕاستدا، کە (زۆپا) یان دەنگی (پ) لەهەمان وشەدا بە ( سۆبە) دەردەبڕدرێت.

هەموو کەسێك تایبەتمەندییەکی دەربڕینی دیاریکراوی جیاوازی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە یەکێکی تر، هەتا لەنێوان ئەندامانی نزیکی خێزانەکەیدا، کە وا دەکات هاوڕێ و ناسیاوەکانی بەڕێگای دەنگەکەی جیای بکەنەوە، لەبارێکدا نەشیاندیتبێ، بەو شێوە تاکایەتییەی قسەکردن دەوترێ: زاری تاکە کەس Idiolects (مارپوریای: 1998 : 69).

زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەڵێن: هیچ کەسێك بەبێ شێوەزارێك ناتوانێت قسەبکات، هەموو کەسێك سیمایەکی تایبەتی دەربڕینی هەیە، و ئەو فۆرمەش شێوەزارەکەیەتی و هەندێ کەسیش بە شێوەی ستاندارد قسە دەکەن( Bauer, Laurie, 2007 : 7 ).

بەم پێیە شێوەزار پەیوەستە بە تایبەتییەکانی قسەکردن، زانیاری لەبارەی شێوەزاری قسەکەر دەگوازێتەوە، و دەتوانێت پیشانی بدات، کە کەسی قسەکەر خەڵکی کام وڵات یا لە کام وڵات گەورە بووە، یا قسەکەر سەر بەکام کۆمەڵی کۆمەڵایەتییە( فرامکین و ئەوانی تر، 2009 : 522). هەر ئاخێوەرێکی زمان بە شێوەزارێك قسەدەکات، کە لەڕووی زانستییەوە زاراوەی (شێوەزار) تایبەتە بە وەسفکردنی ئەو شێوە دەربڕینەی کە دەستنیشانی دەکات، قسەکەر پەیوەندی بەکام شوێن و کۆمەڵەوەیە(یول، جۆرج : 1389 : 301). بۆ لێکۆڵینەوە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست، وەك دەزانین ئاخێوەرانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و ئەردەلان و موکریان لەیەکتری دەگەن و هەر یەکێکیان پەیوەندی زمانییان بەو زارەوە هەیەو بەکاریدەهێنن، بەڵام بە هەندێك تێبینییەوە دەتوانن یەکتری جیابکەنەوە؛ سلێمانی دەتوانێ هەولێری، کەرکوکی و ئەوانی تر دەستنیشان بکات. ئەوەش بە بەکارهێنانی شێوەزاری جیاوازی ئەو زارەی زمانی کوردی پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن. نەك هەر تەنها دەتوانن جیاوازییەکانی دەربڕین و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی جیاواز بۆ دەرخستنی یەك چەمك ، شێوەزارەکانیان لێك جیابکەنەوە، بەڵکو لەم جیاوازییانەوە سەرمان دەسورمێ، کە چ هەستێکی جوانی تایبەتیان بەدەست دەکەوێت. بەڵام ئاخێوەرانی هەر یەك لەم شێوەزارانە بۆ گفتوگۆکردن لەبارودۆخێکی جیاوازی کۆمەڵایەتیدا کەڵك لە شێوازە جیاوازەکانی ئەم شێوەزارانە وەردەگرێت(حسینی، محمد ضیاء : 2010 : 211). هەر بۆیە زمانەوانەکان دەڵێن: شێوەزارە جیاوازەکان پەیامی کۆمەڵایەتی جیاواز دەگەیەنن و لەوانەیە هەندێکیان زیاتر بایەخیان پێ بدرێت لە بەرامبەر ئەوانی تردا بەتایبەتی لەڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە، وەك دەبینین ئەم شێوە ستانداردەی کرمانجی ناوەڕاست، کە زیاتر نزیکترە لە شێوەزاری سلێمانی لەو پێگە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی سلێمانییەوە هاتووە، کە لەسەردەمی مەلیك مەحمووددا زمانی فەرمی دەوڵەتەکە بووە، دواتر لە حکومەتی عێراقیشدا دانی پێدا نراوە. بەڵام دەڵێن: کە هیچ شێوەزارێك لەڕووی زمانەوانییەوە لە یەکێکی تر باڵاتر و باشتر نییە، هەموو شێوەزارەکان ڕێ بە گواستنەوەی ئابورییانەی زانیارییەکان دەدەن لەنێوان ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن(8: Baurie, Laurie: 2007 ).


## 2.6 هێڵی جیاکەرەوەی نێوان زارو شێوەزارەکان

زارناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی هۆکارەکانی جیاوازیی شوێنی و جوگرافیایی لەناو ئەو زمانانەی لەبەر چاودەگیرێ. زارناسان بەپێی وشە و دەنگەکان لە هەر گوند و شار و ناوچەیەك نمونەی لێ وەردەگرن، لە ئەنجامدا ئەو کۆمەڵە کەسانەی نمونەکانیان لێ وەردەگیرێ دەبێ هەموو تەمەنیان لە ئەو ناوچەیەدا بەسەر بردبێت، لانی کەم خوێندەواری هەبێت. دوای ئەو هەنگاوە نمونەکان بەپێی ناوی شتەکان، یا دەربڕینی وشەکان و نەگونجان و تەباییان کۆدەکرێنەوە، زارناسان دەتوانن بە شێوەیەکی وردتر جیاوازییە دیارەکانی شێوەزارێك لەناو جیاوازییەکانی ناوچە زمانییەکاندا بناسنەوە، دەبێ بزانن، کە هۆکاری جوگرافی تەنها هۆکاری گۆڕانی زمانی نییە، بەڵکو هۆکاری تری کۆمەڵایەتی وەکو خوێندەواری و گۆڕانی شوێنی نیشتەجێبوونیش پەیوەندییان هەیە.

زارناسان ئەوە دەخەنەڕوو کە شێوەزارەکانی نزیك بەیەك جیاوازی کەمتریان لەنێوانیاندا بەرچاو دەکەوێ وەك لە شێوەزارەکانی کە لەڕووی جوگرافیاییەوە لەیەکترەوە دوورن( حسینی:2010 : 210).

توێژینەوەکانی زارناسی بەزۆری بەشێوەی وتار بڵاودەکرێنەوە، بەڵام دیارترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون لە ئەتڵەسی زاریدا ڕەنگدەداتەوە. هەر ئەتڵەسێکی زاری چەندین نەخشە لەخۆ دەگرێت، کە جوگرافیای جۆراوجۆری یەك زمان پیشان دەدات. لەم نەخشانەدا سنوری نێوان زار و شێوەزارەکان بەهێڵەکانی سنوری جیاکەرەوە دەستنیشان دەکرێت. ئەم سنورانە بەگشتی بەپێی دیاردەیەك ( بەگشتی فۆنیمێك یا وشەیەك) دەکێشرێت.

ئەم هێڵانە بەپێی دیاردەکە یا ئەو دیاردانەی لەبەرچاو دەگیرێ، نیشانی دەدەن کە خەڵکی لایەکی ئەم سنورانە بەیەك جۆرە و خەڵکی لایەکەی تر بەجۆرێکی تر قسە دەکەن(ئاگری، دابروولسکی و آرنف: 1388 : 525). هەروەها سنوری شێوەی ئاخاوتنی جیاوازی تاکە کەس جۆراوجۆرە بە هێڵی گریمانەیی دادەندرێت و ئەو هێڵانەی جیاوازییە گشتییەکانی نێوان زارەکان لێك جیادەکەنەوە پێیان دەوترێ هێڵی زارەکان isogloss Lines یان isoglosses . ئەگەر بەخێرایی چاوێك بە ئەتڵەسی زمانیدا بخشێنین بێگومان دەبینین ، دوو یا سێ شەپۆڵ جوت دەبن یان لە ناوچەیەکدا ڕێکدەکەون.




هێڵەکان دوو شێوەی دەربڕینی A ، B وەك لە وێنەکەی سەرەوە دیارە، ئەم ناوچەیە لێك جیادەکاتەوە، و هەندێ لادان تێیدا دەردەکەوێت، ڕێکەوتنەکە بەشێوەیەکی کەم نابێت، بەڵکو چوارچێوەی دوو ناوچەیە بە وشەیەك زیاتر جیادەکرێنەوە، بەگشتی بە ڕێگای خرپوونەوەی برێکی تەواوی گونجانی هێڵەکان شێوەزارەکە دیاریدەکرێت. بنەماکەی پشت بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و هی تر دەبەستێ(دی سوسور: 1985 : 224).

### 3. شێوەزاری کۆیە

کۆیە یەکێکە لە قەزا کۆنەکانی عێراق و پارێزگای هەولێر، کەوتۆتە نێوان هەولێر و کەرکوك و سلێمانی، لەنێوان هێڵی پانی (92, 35 و هێڵی 15, 36 )ھ، لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە هەولێرە و لە پێنج ناحیە و ناوەندی شار پێکهاتووە ، وەك لە نەخشەی (1) دەردەکەوێت (بکر: 2016 : 6 )، شێوەزارەکەی لەبەر نزیکایەتی لە لقە زاری هەولێر، لەگەڵ شێوەزاری هەولێر ئاماژەی پێ دەکرێ، بەڵام هەندێ جیاوازی و تایبەتمەندی شێوەزاری کۆیە، لە کەمترین ئاخاوتندا کۆییەکانی پێ دەناسرێتەوە چ لەناو هەولێر بن یا شارەکانی تری کوردستان، کە جیایە لەهەموو ئەو جیاوازییانەی لەنێوان زار و شێوەزارەکانی تردا هەیە. گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ، کە شێوەزاری کۆیە لە دوو سەدەی ڕابردو و پێشتریش لەژێر کاریگەریی باری سیاسی میرنشینەکانی بابان و سۆران ، باری ڕۆشنبیری و زانستگەی ئایینی حوجرە و زمانی فارسی و عەرەبی و پێگەی بازرگانی نێوان مەهاباد و کۆیە و شارەکانی تر، ڕۆڵێکی دیاریان لەسەر شێوەزارەکە دروستکردووە. هەر کەسێك لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی کۆمەڵێك پەیوەندیی جۆراوجۆر لەگەڵ دەوروبەریدا هەیە، ئەو پەیوەندییانەش تاك دەبەستێتەوە بەچەندین بازنەی کۆمەڵایەتی جیاواز، کە ئەمەش وادەکات، ئاستێکی پەیوەندی فراوان دروست دەکات لەو کۆمەڵگایەدا و بەشدارە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی زمانیدا، بەهۆی ئەمەوە دەبێتە خاوەن فەرهەنگێکی وشەی فراوان. هەرچەندە بازنەی پەیوەندییەکانی فراوانتر بێت ڕادەی ڕۆشنبیری و هەگبەکەی دەوڵەمەندتر دەبێت لە وشە و ئاستی بەکارهێنانیان لەبواری زمانی جۆراوجۆردا زیاتر دەبێت، کە هەر یەکێك لە ئێمە لانی کەم ئەندامین لە گروپێکی خێزان، یا سەندیکایەك، یا چینێکی پیشەگەر، و هونەرمەندان و کاسبکار و پزیشکان و ... هتد. ئەمانە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت، کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە زمانێکی هاوبەش لەنێوان ئەم چینانەدا دروست دەبێ. هەرچەندە تاکەکەس خۆی سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەم کۆمەڵگا زمانییەدا دەژی خۆی زمانێکی تایبەتی لە ئاخاوتندا هەیە ، کە جیاوازە لە کەسانی تر، کە پێی دەوترێت زاری تاکەکەس. هەر یەکێك لەو کۆمەڵە هەڵگری سیمای هاوبەشی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکەیە، کە ڕەنگدانەوەی لە شێوەزاری ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەردەکەوێت، کە بەم تایبەتییانەوە لە شێوەزاری ناوچەیەکی تر جیادەکرێتەوە. تاکەکانی شێوەزارێك یا زارێك بەپێی سیمای دەنگی و وشەییەکانەوە دەناسرێتەوە، کە خەڵکی کام شار و شارۆچکە و ناوچە و گوندە.

جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان زار و شێوەزاردا هەیە، شێوەزار جیاوازییە تایبەتییەکانی لەڕووی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجییەوەیە، لەکاتێکدا زار جگە لەمانە جیاوازی لەڕووی سینتاکس و وشەسازیش دەگرێتەخۆی. چەمکی شێوەزار تاڕادەیەکی زۆر لەڕووی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بە گرنگ دادەندرێت، جگە لەوەی لەگەڵ چەمکی زاردا تێکەڵ دەبن، کە تاکەکانی کۆمەڵێکی زمانی بەزۆری وادادەنێن جیاوازییە دەنگییەکان و سیمای شێوەزارەکە ئەو ناوچە جوگرافیایە نیشان دەدات، کە تیایەتی، جگە لەوەی کە سەر بەو پێگە کۆمەڵایەتییەیە(لوبینز: 2009 : 251).




**نەخشەی ژمارە (1) : یەکە کارگێڕییەکانی شاری کۆیە(بکر: 2016: 6)**

### 3.1 سنوری جیاکەرەوە

سنوری جیاوازی شێوەی ئاخاوتنی تاکەکەس جۆراوجۆرە، بەهێڵێکی گریمانەیی دادەندرێت، پێی دەوترێت هێڵی جیاکەرەوە isoglosses(مارپویای: 1998 : 70). یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم جۆرە توێژینەوانە بۆ بەدەستخستنی چەند جیاوازییەکی گرنگە لە ئاخاوتنی کەسەکاندا، کە لە ناوچە جیاوازەکاندا دەژین، کە دواتر بتوانێ وێنەیەك پیشان بدات، کە لە سنوری زار یا شێوەزاری نێوان ئەم ناوچە دیاریکراوانەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر هاتو ئەم هێڵە گریمانەییانە هەموو کات لەگەڵ واقیعدا جوت نەبوو، ئەوا ئەو دیاردەیە بەزۆری بەشێوەی گورزەیەك یا کۆمەڵەیەك ڕێکدەخرێت(یول: 1389 : 303). ئەگەر یەکێك تێکڕای یان ناوەڕاستی ئەم هێڵانە وەربگرێت، بە جیاوازییەکی زۆر کەم دەتوانێت هێڵێکی تاك دیاری بکات و ناوچەی زارە سەرەکییەکە لەوانی تر جیابکاتەوە. ئەوەش بە بنەمای زانستی دادەنرێت بۆ پۆلێنکردنی زارە سەرەکییەکان لە زمانێکی دیاریکراودا. بۆ نمونە لە سنوری ڕۆژهەڵاتی

کۆیەدا گوندەکانی بنار چیای هەیبەت سوڵتان لە تیمارۆکەوە تا دەچێتە کلێسەی دەم زێی بچوك لە خواروش بۆ شارۆچکەی تەقتەق سەر بە شاری کۆیە، واتە سنوری ئیداری نێوان کەرکوك و کۆیە، ئامرازی(**بۆ**) بەکاردەهێنن لە ئاخاوتنەکانیاندا چ بە مەبەستی پرس یا وەك بەستنەوەی ناوی شوێنێك، هەرچەندە شەپۆلی بەکارهێنانی (بۆ) بە بنارەکەدا لە هەندێك شوێن دەپچرێ، بە باکوری شارەکەدا بەرەو ڕۆژئاواش درێژدەبێتەوە بۆ گوندەکانی تەکەوڵ ، گورزەییان ، کێلە سپی ، و گۆپتەپە و شاخەپیسکە، بەڵام ناو شار دەڵێن:(**لۆ**)، بەڕای من بەکارهێنانی (**لۆ**) پێشتر لە واژەی (**لەبۆ**)وە کەوتۆتەوە، کە بە لادانی(ب) دوو بزوێنی (ە ، ۆ) دەکەونە تەنیشت یەك، ئەمەش بەپێی یاساکانی دەنگسازی زمانی کوردی ((ئەگەر دوو بزوێن کەوتنە پاڵ یەك و یەکێکیان کورت و ئەوی تریان درێژ، کورتەکە دەتوێتەوە))(ئەمین : 2009 : 308). بەم شێوەیە فۆڕمی (لۆ) وەردەگرێت، کە هەندێ جار فۆڕمە کۆنەکەی (**لەبۆ**) لەهەندێ ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك بەکاردەهێندرێت، وەك: **لەبۆچتە؟** لەجیاتی، **لۆچتە؟** یان: **ئەو کتێبانەم لەبۆ تو هینایە؟** لەجیاتی، **ئەو کتێبانەم لۆ تو هینایە؟** هەروەها لە هەندێ شیعری شاعیرانی کۆیەشدا بەرچاو دەکەوێت، وەك: سامی عەوداڵ دەڵێ:

**تابزانێ غەرقی خوێنە، کێ حەقی وی خواردووە؟**
**با لەبۆ حەق خوێن بڕێژی، دەرچی دوژمن تا زووە**

(حەمەد بەگ، جەواد:2015 : 20)

حاجی قادر دەڵێ:

**کەسێ پیاوە کە دانێ وەك حەمەئاغا**
**لەبۆ تەنیایی جنسی نان و خوانی**

(سەید برایم، ڕەهبەر: 2014 : 33)

ئەگەر نمونەیەکی تری دەنگی وەربگرین لەهەمان ئەو ناوچانەدا، وەك: دەنگی ( ڵ) لەناو شاردا بە (ر)ی سوك گۆدەکرێت، بەڵام لەو سنورانەدا بە دەنگی ( ڵ) گۆدەکرێت. (( سیمای بەر نەرمە دان لەهەندێ زاردا کەڵکی لێ وەرناگیرێ، بۆ نمونە: (زاری کۆیە و هەولێر)، بەڵام لە هەندێکی تردا وەك(سلێمانی)بەر نەرمە دانی دەنگە شلەکان( ل ، ر ) سیمای جیاکردنەوەی پەلە ، پەڵە، برین و بڕینە)) ( فتاح : 2011 : 73). ئەم دیاردەیە سیمای تایبەتی شێوەزاری کۆیەیە، کە تا بە سنوری لای هەولێردا بڕۆی ئەو جیاوازییانە بەرەبەرە کەم دەبنەوە. پاشان دەتوانین هێڵێك لەسەر نەخشە بکێشین، کە ئەم دوو ناوچەیە و نێوانگری سنوری نێوان ئەو ناوچانە دیاری بکەین، کە یەك جۆر وشەی زمانیی تایبەت بەکاردەهێنن. ئەو هێڵەی کە لەسەر نەخشە دەکێشرێت و ناوچەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، سنوری جیاکەرەوەیە. کاتێك ئێوە لەسنوری جیاکەرەوە دەپەڕنەوە، لەڕاستیدا لە ناوچەیەکی زاری دەچنە ناوچەیەکی زاری تر. هەندێ کات چەند سنورێکی جیاکەرەوە لەسەر یەك جوت دەبن، کە بەزۆری لە سنوری سیاسی، یا سنوری سروشتی وەك ڕوبارێك یا زنجیرە چیایەکە. زمانەوانان ئەم جۆرە پۆلێنانە بە کۆمەڵە سنوری جیاکەرەوە ناو دەبەن، بەم جۆرە کۆمەڵێك زاری تایبەتی ناوچەیەك دروست دەبێت(فرامکین و دیگر: 2009 : 528). ئەو جیازازییانەی شێوەزارەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، تایبەتمەندییە دەنگسازیی وشەییەکانە، کە دەبێتە ناسنامە و مۆرکی ناوچەکە.

### 3.2 جیاوازیی لەڕووی فۆنەتیکییەوە:

شێوەزاری کۆیە هەموو دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانی زمانی کوردی تێدا بەکاردەهێنرێت، جگە لە هەندێ جیاوازی دەربڕین و تێبینی لەسەر گۆڕان و سوك دەربڕین و گرانکردنی دەنگی لەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان دەکەین:

1. هەمو دەنگێکی [ ڵ]ی گران لە شێوەزاری کۆیەدا دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی [ ر] وەك: ماڵ ⟵ مار ، کێڵان کێران، چێڵ ⟵چێر، جگە لەو دەنگانەی لەپێش دەنگی [ ت ]وە دێن بە دەنگی [ ڵ ] گۆدەکرێن، یا هەندێ وشەی تر کە لەزمانی بیانییەوە وەرگیراون، وەك : خڵطە، گڵۆپ . هەروەها / ڵ / ی گران لە هەندێ وشەی وەك ( بێ کەڵك )دا بەسوکی دەدرکێندرێت، واتە ؛ بێ کەڵك ⟵ بێ کەلك

2. ئەو دەنگە [ ت ]یەی کە دوابەدوای دەنگی [ ڵ ] گراندا دێت لە هەندێ وشەدا بە ئەلەفۆنی [ ط ] گۆدەکرێت، واتە هەردوو دەنگەکە [ ل ، ت ] بە گرانی گۆدەکرێن، وەك: سەڵت ، پڵتۆخ ، سەڵتە ، شەڵتە بەم شێوەیە گۆدەکرێن: صەڵط ، پڵطۆخ ، صەڵطە ، شەڵطە، . دەنگی [ ط ] بە فۆنیم دانانرێ لە زمانی کوردیدا، بە ئەلەفۆنی دەنگی [ ت ] دادەندرێ، چونکە لە هەندێ شوێندا بەهۆی کاریگەری دەنگی [ ڵ ، ڕ] لە پێش و پاشی دەنگی[ ت ] سیفەتی گرانی بۆ دروستدەکات. حالەتی بەرزبوونەوەی زمان بەردەوام دەمێنێتەوە، تاوەکو پاش درکاندنی / ڵ / و کار دەکاتە سەر فۆنیمەکانی پێش / ت / وبەهەمان شێوە بۆ / ڕ / کار دەکاتە سەر / ت / و قەڵەوی دەکەن (علی، طالب حسین: 1989 : 54 ). وەك: تەڵخ : طەڵخ ، تەڕ : طەڕ. هەروەها دەنگی [ت ] لە هەندێ وشەدا ئەلەفۆنەکەی دەنگی [ ط ] دەبێت، وەك : دەتانم : دەطانم.

/ ت / ⟵ [ ت ]
ئەلەفۆنی [ ط ]
ئەلۆفۆنی [ ت ]

3. دەنگی [ س ] بە ئەلەفۆنی [ ص ] دەردەبڕدرێت، چونکە هیچ جووتە وشەیەك لەزمانەکەدا نابینیتەوە، کە جیاوازی دەنگی [ س ، ص ] پیشان بدات و واتا بگۆڕێت، تاکو بڵێین دەنگی [ ص ] فۆنیمە، وەك لە وشەکانی : سەگ: صەگ ، سەڵتە: صەڵطە، سەد: صەد. دەنگی [ص ] لە چەند شوێنێکی تایبەتیدا بەدی ئەکرێ و بە گۆڕانی واتای وشە ناگۆڕێ، لەڕاستیدا دەنگی [ ص ] بە ئەلەفۆنی فۆنی [ س ]ی فۆنیمی / س / دائەنرێ(وەیس: 1984 : 60 ).

### 3.3 جیاوازی فۆنۆلۆجی

شێوەزاری کۆیە هەندێ تایبەتیی خۆی هەیە، کە جیایە لە شێوەزارەکانی تری زمانەکە و ئەویش بەزۆری لە بزوێنەکاندا بەدی دەکرێ، کە جیاوازە لە هەموو ئەو جیاوازییانەی تری زمانەکە ، لە بەکارهێنانیاندا تایبەتمەندییەك دەداتە شێوەزارەکە و لە هەندێ وشەدا دەربڕینی جیاواز دێنێتە ئاراوە، کە مۆرکی شێوەزارەکەیە و جیاوازە لە هەموو زارەکانی تر. لەنێوان شاری هەولێر و کۆیە هەندێ گۆڕانی دەنگسازی هەیە، کە سیمای شێوەزاری کۆیە لە شێوەزارەکانی تر جیادەکاتەوە، وەك گۆڕانی دەنگی ڤاوڵی /ی/ بە دەنگی ڤاوڵی /و/، لە هەولێر دەڵێن خیندن: دەخینم، دەخینیت، دەخینین، دەخینن، لەکۆیە دەڵێن: خوندن، دەخونم، دەخونیت، دەخونین،

دەخونن(سەعید: 2011 : 75). ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی کە شێوەزاری کۆیە جیادەکاتەوە لەمانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

**1.** زوێنی / وێ / لە شێوەزاری سلێمانیدا جیاوازە لە هەندێ وشەدا لە شێوەزاری کۆیە دەبێتە بزوێنی / و/ یا/ ۆ/ و لە شێوەزاری هەولێردا بە / یـ / ، یان / و /، یا / ۆ / گۆدەکرێت:

| شێوەزاری هەولێر | شێوەزاری کۆیە | شێوەزاری سلێمانی |
|---|---|---|
| خین | خون | خوێن |
| خیندن | خوندن | خوێندن |
| گیز | گوز | گوێز |
| شون | شون | شوێن |
| درونە | درونە | دروێنە |
| بلور | بلور | بلوێر |
| گڕو | گڕو | گڕوێ/گەڕ |

**2.** ڤاوڵی /وێ/ لەشێوەزاری سلێمانیدا لە هەندێ وشەدا، کە دەکەوێتە کۆتایی وشەکەوە لە کۆیە دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵی /ێ/، وەك:

خوێ : ⟵ خێ ، کوێ ⟵ کێ ، گوێ ⟵ گێ

لەهەندێ وشەی تردا دەبێتە /ۆ/ ، وەك لە : کوێر ⟵ کۆر

**3.** لە هەندێ وشەدا ڤاوڵی / ی / لە شێوەزاری هەولێر و کۆیەدا لە کۆتایی وشەدا هاتبێ، لە سلێمانیدا دەبێتە / و / :

| شێوەزاری هەولێر | شێوەزاری کۆیە | شێوەزاری سلێمانی |
|---|---|---|
| ڕۆژی | ڕۆژی | ڕۆژو |
| خانی | خانی | خانو |
| دەزی | دەزی | دەزو |

**4.** لە شێوەزاری سلێمانیدا ڤاوڵی / ێ / لە هەندێ وشەدا جیاوازە ، کە لە کۆیە و هەولێردا بە / ی / گۆدەکرێت: هێنان : هینان ، دەبێت : دەبیت بەپێچەوانەشەوە / ی/ دەبێتە /ێ/ : ڕیزکردن : ڕێزکردن ، ڕیزگرتن : ڕێزگرتن

**5.** ڤاوڵی / و / لە هەندێ وشەدا لە هەولێر و کۆیەدا دەبێتە ڤاوڵی / ۆ / وەك لە:

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەولێر | شێوەزاری کۆیە |
|---|---|---|
| سور | سۆر | سۆر |
| گوتن | گۆتن | گۆتن |
| ژور | ژۆر | ژۆر |

**6.** جیاوازی لە گۆڕانی دوو فۆنیم لەگەڵ شێوەزاری هەولێر و سلێمانیدا:

| شێوەزاری سلێمانی | جیاوازی دەنگ | شێوەزاری کۆیە | جیاوازی دەنگ | شێوەزاری هەولێر |
|---|---|---|---|---|
| قتو | ت : د | قدو | i: ۆ ، و: ی | قۆدی |
| مورو | و : ۆ ، و : ی | مۆری | | مۆری |
| تینو | ی:ێ ، و: ی | تێنی | | تێنی |

بەپێی ئەو سیما فۆنۆلۆجییانەی لەم چەند خاڵەی سەرەوە خستمانە ڕوو کۆیە شێوەزارێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیاوازە لە هەولێر و سلێمانی، جیاوازییەکان لە بەرامبەر شێوەزاری سلێمانی زیاترە وەك لە هەولێر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شێوەزاری کۆیە لە هەولێر نزیکترە وەك لە سلێمانی.

### 3.4 جیاوازی مۆرفۆلۆجی :

جیاوازی مۆرفۆلۆجی لەنێوان شێوەزاری کۆیە و شێوەزاری هەولێر و سلێمانی یا زاری ستانداردا دەبێ :

أ ـ لە شێوەزاری سلێمانی و خوێندن و نوسیندا یەك کۆمەڵە جێناوی کەسی سەربەخۆمان هەیە، بەڵام لە شێوەزاری کۆیەدا دوو کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ ئەرك لە زماندا دەبینێ بەشێوەیەك کۆمەڵەی یەکەم ئەرکی بکەری و بەرکاری سەربەخۆ ئەنجام دەدەن، بەڵام کۆمەڵەی دووەم ئەرکی بەرکاری بەیاریدە و تەواوکاری بەیاریدە و خاوەنێتی دەبینن لە ڕستەدا.

#### 3.4.1 جێناوە کەسییەکانی شێوەزاری کۆیە:

**کۆمەڵەی یەکەم:** ئەم کۆمەڵەیە بریتیین لەم جێناوانە و سێ دەستە جێناوی لکاویان هەیە، بەڵام کۆمەڵەی دووەم بە دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان جێگیردەکرێن. کۆمەڵەی یەکەم (ئەمن، ئەتو، ئەو، ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان)، کە هەردەم دەکەونە سەرەتای ڕستە و ئەرکی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن، کۆمەڵەی دووەم (من، تو، وی، مە، نگۆ، وان)، کە هەرگیز ناکەونە سەرەتای ڕستە و هەمیشە ڕۆڵی خاوەنی، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، زیادکراو(ئیزافە) دەبینن(حەمەد : 2013 : 145)، لەم خشتەیەی خوارەوە هەردوو کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆکان و جێناوەلکاوەکان خراونەتە ڕوو:

| کەس | جێناوی سەربەخۆ کۆمەڵەی یەکەم | جێناوی لکاو دەستەی یەکەم | جێناوی لکاو دەستەی دووەم | جێناوی لکاو دەستەی سێیەم | جێناوی سەربەخۆ کۆمەڵەی دووەم |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەمی تاك | ئەمن | م | م | م | من |
| دووەمی تاك | ئەتو | ت | ی | ی | تو |
| سێیەمی تاك | ئەو | ی | Ø | یت، ات،ێت/ یتن،اتن،تن | وی |
| یەکەمی کۆ | ئەمە | مان | ین | ین | مە |
| دووەمی کۆ | ئەنگۆ | تان | ن | ن | نگۆ |
| سێیەمی کۆ | ئەوان | یان | ن | ن | وان |

**تایبەتییەکانی کۆمەڵەی یەکەم:**

1. ئەم کۆمەڵەیە سێ دەستە جێناوی لکاویان هەیە ، وەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە. ئەرکی ڕێکەوتن دەبینن.
2. لەگەڵ کاری ڕابردوی تێپەڕدا ئەرکی بکەر دەبینن وجێناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم بەپێی کەس و ژمارە دەبەخشنە بەرکارەکە، کە ئەرکی ڕێکەوتنی نێوان بکەر و بەرکار دەبینێ لەڕستەکەدا، وەك: **ئەمن کتێبەکەم کڕی. ئەتو کتێبەکەت کڕی. ئەو کتێبەکەی کڕی. ئەمە کتێبەکەمان کڕی. ئەنگۆ کتێبەکەتان کڕی. ئەوان کتێبەکەیان کڕی**
3. لەگەڵ کاری ڕابردوی تێپەڕدا، ئەرکی بەرکار دەبینن:
**ئەو (ئەمن/ ئەتو/ ئەو/ ئەمە/ئەنگۆ/ئەوان)ی دیت.**
4. کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کاری ڕابردوی تێنەپەڕدا ئەرکی بکەر دەبینن و جێناوێکی لکاو لە دەستەی دووەم بەپێی کەس و ژمارە دەخشنە کارەکە، کە ئەرکی ڕێکەوتنی نێوانیان دەبینێ:
**ئەمن/ئەتو/ئەو/ئەمە/ئەنگۆ/ئەوان هات(م/ی/Ø/ین/ن/ن)**
5. لەگەڵ کاری ڕانەبردوی تێپەڕدا ئەرکی بکەر وبەرکار دەبینن و جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارە لە دەستەی سێیەم دەبەخشنە کارەکە، کە ئەرکی ڕێکەوتنی نێوانیان دەبینێ:
- ئەمن/ ئەمە (ئەتو/ئەو ـ ئەنگۆ/ئەوان) دەناس(م/ین).
- ئەتو/ئەنگۆ(ئەمن/ئەتو ـ ئەمە/ئەو/ئەوان) دەناس(ی/ن).
- ئەو/ئەوان (ئەمن/ئەتو/ئەو ـ ئەمە/ئەنگۆ/ئەو/ئەوان) دەناس(یتن/ن).
- ئەو/ئەوان (ئەمن/ئەتو/ئەو ـ ئەمە/ئەنگۆ/ئەوان) دەب(اتن/ن).
6. لەگەڵ کاری ڕانەبردوی تێنەپەڕدا ئەرکی بکەر دەبینن و جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارە لە دەستەی سێیەم (م،ی، ات/یت/ێت/اتن/یتن/تن ـ ین،ن،ن) دەبەخشنە کارەکە، کە ئەرکی ڕێکەوتنی نێوانیان دەبینێ. -
ئەمن دەڕۆم ، ئەتو دەڕۆی ، ئەو دەڕواتن ـ ئەمە دەڕۆین ، ئەنگۆ دەڕۆن ، ئەوان دەڕۆن. ـ ئەمن دەنوم ، ئەتو دەنوی ، ئەو دەنویتن ـ ئەمە دەنوین ، ئەنگۆ دەنون ، ئەوان دەنون. ـ ئەمن دەتۆرێم ، ئەتو دەتۆرێی، ئەو دەتۆرێتن ، ئەمە دەتۆرێین ، ئەنگۆ دەتۆرێن ، ئەوان دەتۆرێن.
7. جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لەڕستەیەکدا دەکرێت ئەرکی بکەر و بەرکار ببینن، و لەکاتی لادانیشیان لە ڕستەکەدا، جێناوێکی لکاو(لە دەستەی یەکەم و دووەم) کە نوێنەری بکەر یا بەرکارە لادراوەکەیە لەسەر کارەکە جێگیردەکرێن، وەك:
- ئەوان ئەنگۆیان نەپاراست.
- نەیان پاراستن.

**کۆمەڵەی دووەم:**

تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینرێت:
1. ئەم کۆمەڵەیە، کە بە جێناوی لکاو جێگیر دەکرێن، تەنها جێناوەکانی دەستەی یەکەم (م، ت، ی ـ مان، تان، یان) شوێنی ئەم کۆمەڵەیە دەگرنەوە:
- وراتەکەی مە دابەشکرایە.
- وراتەکەمان دابەشکرایە.
2. کۆمەڵەیە ناتوانن لە سەرەتای ڕستە وەك بکەر ئەرك ببینن لە ڕستەدا.
3. ئەرکی بەرکاری بەیاردە دەبینن لەڕستەدا، وەك:
- کتێبەکانی **بەویدا** نارد لۆ مارێ خۆیان.
- ئارام **لە نگۆ** تورەیە.
4. لە گرێی ناوی خاوەنێتیدا ئەرکی دیارخەر (خاوەن) دەبینن بۆ دیارخراو(خاوەندار)، وەك لە: -
مارێ **من**، مارێ **تو**، مارێ **وی** ـ مارێ **مە**، مارێ **نگۆ**، مارێ **وان.**
5. لە گرێی خاوەنێتیدا دەشێ جێناوی خاوەن بە جێناوی لکاو بکرێت، کە بەپێی کەس و ژمارە جێناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم ڕاستەوخۆ دەلکێت بە ناوی دیارخراوەوە، بەبێ یارمەتی مۆفیمی خستنەسەر، وەك :
- خانییەکەی من، خانییەکەی تو ، خانییەکەی وی ـ خانییەکەی مە ، خانییەکەی نگۆ ، خانییەکەی وان . -
خانییەکەم. خانییەکەت. خانییەکەی
خانییەکەمان. خانییەکەتان. خانییەکەیان.
6. ئەو گرێ خاوەنێتییانەی ئەرکی بەرکار دەبینن لەو ڕستانەی کارەکەیان ڕابردووی تێپەڕە، کە خاوەن دەکرێتە جێناوی لکاو، ئەوا دوو جێناوی لکاوی دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان بەدوای یەکتردا دەلکێن بە ناوی خاوەندارەوە: - ئەوان
وراتەکەی مەیان داگیرکردییە.
- وراتەکەمانیان داگیرکردییە.
7. لەدوای جێناوی هەبی(لە کۆیەدا ئی) دێن و گرێی خۆیەتی پێکدەهێنن، وەك:
- ئەو ئەسپە ئی منە/ ئی تووە/ ئی وییە / ئی مەیە/ ئی نگۆیە/ ئی وانە.
8. لەگەڵ هەندێ کاردا ئەرکی تەواوکاری بەیاریدە دەبینن:
- دیارییەکە لۆ تووە.
- گورەکەی دەداتە من / گورەکەی دەداتە تو / گورەکەی دەداتە وی. -
گورەکەی دەداتە مە / گورەکەی دەداتە نگۆ /
گورەکەی دەداتە وان.

### 3.4.2 جێناوی پرس:

ڕستەی پرس یا بەهۆی دانانی جێناوێکی پرس یا بەهۆی هێز و ئاوازەوە دروست دەکرێت، لە شێوەزاری کۆیەش دەستە جێناوێکی پرس بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، کە هەندێ جیاوازی لەگەڵ زاری ستانداردا تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەمانەن:

چ : بە چ دەچنە هەولێرێ؟
چی : ئەو هەموو بەرایانە چییە؟ بەسەر گەلی کوردا دێت.
کا : کا کتێبەکانم؟
کانێ : کانێ ئەوانەی لە شێنەییدا خۆیان ڕەپێش دەکرد؟
کێ : یەکەم کەس کێ بوو ئالای کوردستانی بەرزکردەوە؟

لەکێ : دوێنێ شەوێ لەکێ بووی؟
کێندەر : سبەینێ دەچیە کێندەرێ؟
کەنگی : کەنگی وراتەکەمان ئاوەدان دەبێتەوە؟
کو : کورد کو خۆی لەو هەموو درندانە پێ رزگار دەکرێتن؟
کامە : کامەتان خۆی بە ئازا دەزانی؟
کەنگێنێ : کەنگێنێ سەردانمان دەکەنەوە؟
چەندە : وراتەکەمان چەندە وێران بووە؟
چەند : چەندم پێ خۆشە ؟ کە کوردستان بە ئازادی ببینم.
لۆ : لۆ ئەتوش خۆت لۆ ئەندامی پەرلەمان هەرنابژێری؟
لۆچی : لۆچی بەمنت نەگوت، هۆو کورە برامە؟
لەبەرچی: کورەکەت لەبەرچی زانکۆی تەواو نەکرد؟
ئایا : ئایا ئەو سار کوردستان لە مەترسییە ئابورییەکان دوور دەکەوێتەوە؟

### 3.4.3 جێناوەکانی نیشانە

جێناوەکانی نیشانە لەگەڵ شێوە ستانداردەکەدا جیاوازی هەیە لەوەی کە لەشێوەزاری کۆیەدا بە فۆرمی جیاواز دەستنیشانی کەس و شتەکان دەکرێن. ئەم جێناوە نیشانانە بە جیاوازییەکی کەمتر لەگەڵ تیرەی (ورام)ی ناوچەی شوان نزیکتر دەبێتەوە. ئەم جێناوە نیشانانە لە تیرەی (ورام)دا لە ناوچەی شوان بەکاردێن ( ئەمە/ ئەم ، ئەوە/ئەو ، ئەمانە، ئەمان/ هۆوەتا، هۆوەتانی، هۆوەتانێ، هۆوانە) (شوانی: 2009 : 55). جێناوە نیشانەکانی شێوەزاری کۆیەش بەم شێوەیەیە:

**ئەوە ـ ئەوانە** ( بۆ ئاماژەکردنی کەس و شتی گیاندار و بێ گیان ـ نزیك)

**ئەوەتا / ئەوەتانی ـ ئەوەتان** ( بۆ ئاماژەکردن و دیاریکردنی کەس و شت ـ نزیك)

**هۆوە ـ هۆوانە** ( ئاماژەکردن بۆ دوور)

**هۆوەتا /هۆوەتانی ـ هۆوەتان** ( بەکار دێ بۆ ئاماژەکردن و دیاریکردنی کەس و شتی دوور)

**ـ ئەوە چییە؟ ئەوانە دەچنە کێندەرێ.**

**ـ ئەوەتام، لێرە ڕاوەستاییم. ـ ئەوەتان، ئەوانەی خەرکیان تاران دەکرد.**

**ـ هۆوە برامە.**

**ـ کێ هۆوانەی دیتییە؟**

**ـ هۆوەتا بەسەر شاخەکەی دەکەوێتن. ـ هۆوەتانی خەریکە لەچاوان بزردەبێتن.**

**ـ هۆو پیاوانە خەرمانی بە بادەکەن.**

هەرچەندە فۆرمی(ها) بۆ مەبەستی وەڵامدانەوە و ئاگاداربوون بەکار دێت، بەڵام هەندێ جار دوبارەکردنەوەی فۆرمی ( ئەها ها) لە پێش جێناوە نیشانەکانەوە دەردەبردرێت بۆ مەبەستی دیاریکردنی شتە زۆر دوورەکان، وەك: -

**کانی سەگەکە؟ چی لێ هات؟**

**ـ ئەها ها هۆوەتانی بەناو دۆرەکەیدا غاردەداتن.**

کاتێك کە ئەم جێناوانە ئاماژە بۆ ناوێك دەکەن، فۆرمی (ئەوە) لێکدەترازێت و بۆشاییەکە بە ناوی ئاماژە پێکراو پڕدەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەستنیشانی ناوەکە دەکات و دیاریدەخات، بۆیە لەم بارەدا لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردە بە هاوەڵناوی نیشانە ئاماژەی پێ دەکرێت(لیژنەیەك : 2009 : 75 )، جێناوی نیشانەی (ئەو ...ە) تەنها بۆ دەستنیشانکردن و وەسفکردنی ناوی ئاماژەپێکراوە، بەبێ یارمەتی هیچ مۆرفیمێکی خستنەسەر ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ناوەکە و بەهۆی مۆرفیمی (ە)ش ناسراو دەکرێت:

**ـ ئەو پیاوە خەرکی وراتی کۆیەیە.**

**ـ ئەو کورانە دەسکی بە چەندییە؟**

هەندێ جاریش بەهۆی مۆرفیمی (ێ)وە ئاماژە بۆ کاتێکی دیاریکراوی دوور دەکرێت، بە مەبەستی نزیککردنەوە و گێڕانەوە، ناوە ئاماژەپێکراوەکەش مۆرفیمی (ێ) وەردەگرێت، هەروەها بەهۆی جێناوی نیشانە و ئەم مۆرفیمەوە کاتەکە دەستنیشان دەکرێت:

ـ ئەوێ سارێ ، ئەوێ شەوێ ، ئەوێ ڕۆژێ

ـ پاشی ڕاوەستانی شەڕی ئێراق و ئێران، ڕۆژە ڕەش بوو، قیامەت هەستابوو، **ئەوێ ڕۆژێ** هەورەکی ڕەش عاسمانی وراتی داپۆشی، ئەنفالی کوردان جارەکی دی دەستی پێ کردەوە، ڕەشبگیری ژن و مندار و جحێر و پیر دەستی پێ کرد. بە هەزاران مارو مندار بێ سەرو شون کران.

### 3.4.5 جێناوی هەبی

چەمکی هەبی بە دوو شێوە دەگەیەنرێ؛ لەو ڕستانەی کاری (بوو)دا، لە چوارچێوەی چاوگی (هەبوون). ئەم جێناوە لەو فرێزانەدا دەردەکەوێت، کە لەو جۆرە ڕستانەی کە ناوی خاوەن لە بنجدا لە فرێزی دووەمدا دووبارە دەبێتەوە بەیاسایێکی گوێزانەوە ناوەکە لادەبرێ و (هـ) شوێنی دەگرێ(ئەمین: 2009 : 318). لەشێوەزاری کۆیەدا جێناوی (ئـ )ی بەکاردێ لەجیاتی (هـ ) بە مەبەستی پیشاندانی ناوی خاوەندار. بەکارهێنانی جێناوی (هی) تەنیا لە قسەدا دەبێت. (ی)ی ئێزافە لە کوردیدا بەکارهێنانی زۆرە بەڵام مەرج نییە هەر پێوەندی خۆیەتی دەربرێت(فتاح: 2010 : 37). لەکاتی بە جێناوکردنی ناوی خاوەندا ڕاستەوخۆ دەلکێت بە ناوی خاوەندارەوە و پێویستی بە (ئـ ) و( ی)ی خستنەسەر نابێت، وەك لە :

ـ ئەوڕەزە ڕەزی منە ⟵ ئەو ڕەزە <u>ئـی</u> منە.

ـ ڕەزەکەی [ من / تو / وی ] ⟶ ڕەزەکە [ م / ت / ی ]

ئەم دەستە جێناوە لە بنەڕەتدا ناوی (خاوەن)ن بە جێناوی لکاو کراون، بۆیە بە کۆمەڵە جێناوی خاوەنێتی ناسراون.

بەڵام کاتێ پێشگری (هە) دەچێتە سەر (بوون) دەبێتە (هەبوون) لەگەڵ دەستەجێناوی (م، ت، ی ـ مان، تان، یان)چەمکی هەبی دەگەیەن، جیاوازی لە کاتی (ئێستا)دایە، بۆ هەموو کەسەکان، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

ـ ئەمن خانیم هە بوو. / هەمبوو ـ ئەمە خایمان هەبوو / هەمانبوو (لە ڕابردودا)

ـ ئەمن خانیم هەیە. / هەیتم (هەمە) ـ ئەمە خانیمان هەیە. / هەیتمان (لە ئێستادا) (هەمانە)

ـ ئەمن خانیم دەبی. / دەمبی ـ ئەمە خانیمان دەبی. / دەمانبی (لە داهاتودا)

ـ ئەتو خانیت هەیە. / هەیتت (هەتە) ـ ئەنگۆ خانیتان هەیە. / هەیتتان (هەتانە) ( لە ئێستادا) ـ ئەو خانی هەیە. / هەیتی. (هەیەتی) ـ ئەوان خانییان هەیە. / هەیتیان (هەیانە)

### 3.4.6 ڕادە

ڕادە بریتییە لەو وشانەی کە ڕێژەی شت بە دیاردەخەن بەشێوەیەکی نادیار گوزارشت لە هەندێتی ئەو ناوە دەکەن، کە لە دوایانەوە دێت (مستەفا، چیا عەلی: 2008 : 22 ). بەشێوەیەکی گشتی ڕادە وەسفی ئەو بەشە ئاخاوتنە یا ڕێژەکەی دیاریدەکات، کە لە دوایەوە دێت و واتاکەی ڕووندەکاتەوە. لە شێوە زاری کۆیەدا ئەم وشانەی وەك ڕادە بەکار دێن ، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ شێوە زارەکانی تری کرمانجیی ناوەڕاستدا لەنێواندا نابینرێت، وشەکانیش ئەمانەن: هەندەك، کەمەك، قیچەك، تۆزەك، نەختەك، هەموو، سەرجەم، گەلەك، زۆر، بەشەك، چەند، چەندە، ئەوەندە، ئەوەندەی، بەقەد، هەندە، هەندی، گشت، بڕەك ، مستەك، قومەك، یەکجار، یەکجار زۆر، بەجارەکی ....هتد.

### 3.4.7 ئامرازی ناسراوی و نەناسراوی

شێوەزارەکانی کرمانجیی ناوەڕاست جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدی ناکرێ لەڕووی ناسراوکردن و نەناسراوکردنی ناودا، ئەوەی هەیە؛ لە نەناسراویدا لەجیاتی مۆرفیمی (ێك) ئامرازی (ەك) بەکاردێت و هیچ جیاوازییەکی وەها گرنگ لەنێوانیاندا نییە. ئامرازی ناسراوی بریتین لە : ( ەکە، ەك، یەکە، یەك، ە) ئەمانەی دوایی هەموویان هەر ئەلۆمۆرفی(ەکە)ن، کە لە ژینگەی جیاوازدا دەردەکەون.: پیاوەکە، کوڕەکان، مامۆستایەکە، چایەکان، ژنە. ئامرازی نەناسراویش ئەمانەدەگرێتەوە(ەك، یەك، ك).وەك: گورەك، چرایەك، پەردەك.

### 3.4.8 ناوی کارا

پاشگری (ی) بە قەدی کاری تێنەپەڕی خوازەکییەوە دەلکێ بۆ دروستکردنی ناوی کارا. پاشگری (ـ وو) لە هەندێ ناوچەی وەك هەولێر و کۆیە و خۆشناوەتی بە چەشنی دیالێکتی کرمانجیی ژوورو لە شێوەی ( ـ ی)دا خۆی دەنوێنێ و دەوترێ: هاتی، ڕۆیشتی، نوستی (مارف: 2014 : 111). لە ڕابردوی تێنەپەڕدا، ئەگەر قەدی چاوگەکە کۆتایی بە بزوێنی (ی) هاتبوو، ئەوا یەکێك لەو دوو(ی)یە واتە؛ (ی)ی قەد و (ی)ی پاشگر یەکێکیان تێدەچێ، دەوترێت: ڕزی + ی ڕزی، هەموو چاوگەکانی تر (پاشگری (ی) وەردەگرن، وەك: نوستی، خەفتی، هاتی.

ئەو جۆرە ناوی کارایانە دەشێ لە بەکارهێنانی بینە ئاوەڵناوی کارا، واتە وەك دیارخەر وەسفی ناوەکەی پێش خۆیان بکەن، وەك لە: مای، چووی، سوتای، برژای، تۆپی، بەزی، تۆقی، مەیی، خوسای ..... هتد.. هەناری ڕزی، کەری تۆپی، کەرەبابی بەزی، کەوی تۆقی، ماستی مەیی، شێری نوستی، پیاوی مردی، باری کەوتی، لەخەو بەجێ مای، بەساردا چووی، جەرگ سوتای، ماسیی برژای، نانی خوسای.

بەهەمان شێوە لە هەندێك قەدی چاوگە تێپەڕەکانیش ناوی کارا دروست دەبێت، دەوترێ: کراوی با بردی، ئیشی کەس نەکردی، گورگ خواردی، سندان کوشتی

پاشگری(ی) لەگەڵ قەدی کاری تێنەپەڕی ڕووداندا ناوی بەرکار ڕۆدەنێن(مارف:2014: 115). بۆ نمونە: مردی، سوتای. تاڕادەیەك بە قەدی کاری تێپەڕیشەوە دەلکێ، وەك: کوشتی ، بردی، خواردی، گرتی.

ئەم پاشگرە لە هەندێ ناوچەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا(کۆیە، هەولێر) لەشێوەی (ی ـ y)دا خۆی دەنوێنێ و بەدوای قەدی زۆربەی کرداری کارا بزردا دێت(مارف: 2014 : 119)، وەك: کێردرای، شێلرای، نوسرای، جورای.

### 3.5 جیاوازیی سینتاکسی

لە سینتاکسدا هەرچەندە جیاوازی زۆر کەم بەدی دەکرێ لەگەڵ زاری ستاندارد، بەڵام ئەو تایبەتییەی شێوەزاری کۆیە لە زاری نوسین و هەندێ لە شێوەزارەکانی تر جیادەکاتەوە، جیاوازییە لەو مۆرفیمە سینتاکسییانە:

1. لە ڕۆنانی گرێی ناویدا مۆرفیمی خستنەسەری (ێ، ی، ە) لە شێوەزاری کۆیەدا دەبینرێ، کە لە زاری نوسیندا دوو مۆرفیمی(ی، ە) بەکاردێت، لەکۆیەدا هیچ یاسایەك نییە بڵێ، لەبەر ئەوەی دیارخراو لە ڕەگەزی مێیە و دەبێ مۆرفیمی خستنەسەری (ێ) بەکاربێ و نابێ مۆرفیمی (ی) دابنرێ، بەڵکو بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییە، وا ڕۆیشتووە، وەك لەو نمونانەدا دەردەکەوێت:

ـ ماری مە ـ کچەکەی من ـ کوڕەکەی من ـ گورە چا

2. مۆرفیمی ڕەگەزی مێ (ێ ) بەکاردێ بۆ ئەو ناوانەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە مێ دانراون، هەروەها بۆ ڕەگەزی نێرش مۆرفیمی (ی) بۆ ناوی تایبەتی و ئەو ناوانەی بە نێر دادەنرێن:

ـ ئەو دیارییەم لۆ ئازادێ کڕییە. ـ ئەو دیارییەم لۆ فاتێ کڕییە. ـ دەچمە مارێ کاوەی.

ـ دەچمە مارێ شیرنێ.

3. لەو ڕستانەی کارەکەیان ڕانەبردوی تێپەڕە مۆرفیمی (ی، ێ، ان) وەك نیشانەی دۆخی بەرکاری ڕاستەخۆ و بەیاریدە بە کۆتایی ناو یا گرێی ناوییەکەوە دەلکێن، ژنەکان دەڵێن :

ـ ئەمن جلکێ دەکرم لۆ جێژنێ. پیاو دەڵێ: ـ ئەمن جلکی دەکرم لۆ جێژنێ.

ـ ئەمن جلکان دەکرم. ـ هەموو باخچەکەتان بە دانەرێ خاوێنکردەوە.

ـ ئەنگۆ شیوێ بە دارێ لێدەنێن. ـ کتێبەکێ بە شیلانێدا دەنێرمەوە.

4. بۆ دۆخی شوێنیش بەکار دێ، مۆرفیمی (ێ) بۆ مێ یا شوێنی تایبەتی بەکاردێت، و ئەو شوێنەی کە بە نێر دادەنرێت، یا ناوێکی گشتییە مۆرفیمی دۆخی (ی) وەردەگرێت، وەك:

ـ منداڵەکە لە ژوورێ نوستییە. ـ ئەوان لەسەر بانێ نوستبوون.

ـ هۆو کوڕە خەرکی هەولێرێیە. ـ ئەتو کەنگی دەچییەوە گوندێ.

### 3.6 ئاوەڵکار لە شێوەزاری کۆیەدا

ئاوەڵکار بە شێوەی ناوی کات و شوێن یا بەشێوەی گرێی بەند لەڕستەدا دەردەکەوێت، لە شێوەزاری کۆیەدا ئاوەڵکاری کات بە زۆری مۆرفیمێك بۆ جەختکردنەوە و دیاریکردن (کە)ی لەگەڵدا بەکار دێ، دەنا هیچ جیاوازییەکی تر لەگەڵ شێوەی نوسیندا نابینرێت، ئاوەڵکاری کاتیش بەم شێوەیە دەردەبڕدرێ: (ئێستاکە، ئەوڕۆکە، ئەوشۆکە، سبەینێکە، دونێکە، پێرێکە، پارەکە، پێرارەکە، ئەوسارەکە، سارەکی دیکە، ڕۆژەکی دیکە، دوو ڕۆژی دیکە، سعاتەکی دیکە). ئەگەر مۆرفیمی جەختکردنی لەگەڵدا نەبێت، ئەوا مۆرفیمی (ێ)ی مێی لەگەڵدا دەبێت، وەك: ( سبەینێ، دونێ، پێرێ، نیوڕۆێ، ئێوارێ، شەوێ، پاشیوێ، سەری مانگێ، ئاخیری مانگێ، ڕۆژێ، ئەوێ ڕۆژێ، زستانێ، بەهارێ، هاوینێ، پاییزێ....هتد). هەروەها لەشێوەی گرێی بەند لەڕستەدا ئەرکی (کات ، شوێن،

چۆنیەتی، سەرچاوە و ..... هتد دەبینێ، و نیشانەی ڕەگەز و دۆخیش وەردەگرێت، بۆ نمونە:

- لە دونێوە نانم نەخواردییە.
- سامان لە کۆیەوە بە پێیان چووە دۆری شاورێ.
- ئەمە هەموو ڕۆژێ بە پێیان دەچین لۆ زانکۆی.
- ئەمە لە تارانێوە بە قەرادزێدا گەڕاینەوە کۆیە.
- ئەوان لە گوندێڕا شیرمان لۆ دەنێرن.

## 3.7 کار(کردار)

لە شێوەزاری کۆیەدا تاکە جیاوازی لەگەڵ زاری نوسیندا لە ڕۆنانی کاری ڕابردوی تەواودایە، کە ئەسپێکتی (یـ...ـە/ یتە) لە بری ئەسپێکتی (وە/ووە)ی زاری نوسین بەکاردێ. مۆرفیمی ئێستای تەواو(وە) گۆڕاوە بۆ (یە)هەندێ جاریش (یت) بەکار دێت. هەردوو مۆرفیمی (یت، یە) ئەلۆمۆرفی نیشانەی ڕانەبردوی تەواون(حەمەد:2013 :125). یاسای داڕشتنی کاری ڕابردوی تێنەپەڕی تەواو:

قەد + ( یـ /یتـ ) + جێناوی لکاوی بکەری + ە

نوست + ی/یتـ + (م،ی، Ø ـ ین، ن، ن) + ە

لە کاری تێپەڕدا: برد + (یـ / یتـ) + (م، ت، ی ـ مان، تان، یان) + ە لە نوسیندا : میوانەکان هاتوونەتە ژووری کۆبونەوەکە.

لە شێوەزاری کۆیەدا: مێوانەکان هاتیتنە ژۆری کۆبونەوەکە.

لە هەندێ باری وەك ئەو ڕستەیەدا، لە شێوەزاری کۆیەدا بزوێنی(ە)ی ئێستای تەواو لەناو مۆرفیمی پاشبەندی(ە)دا دەتوێتەوە، بەڵام لە زاری نوسیندا دەنگێکی نەبزوێنی جیاکەرەوەی گونجاوی(ت) دێتە نێوانیانەوە. لە کۆیەدا دەرکەوتنی (ت) لەدوای مۆرفیمی (ی)ی تەواو بۆ ئەوەیە؛ جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك(ی) و یەکەمی کۆ(ین) نەسوێن، بەڵام دانانی (ت) بۆ کەسەکانی تر بە ئارەزووە،. لە ڕستەی کورتکراوەی کار تێپەڕدا ئەگەر کارەکە پێشگری هەبوو یا لێکدراو بوو؛ جێناوی لکاوی بکەری لە پێش قەدی کارەکەوە دێت، یا بە کەرتی یەکەمی کارە لێکدراوەکەوە دەلکێت، یاسای داڕشتنەکەیان بەم شێوەیەیە :

پێشگر / م. نەرێ + جێناوی لکاوی بکەری + قەد + یـ + جێناوی لکاوی بەرکاری (دەستەی دووەم) + ە

دا/ نە + (م، ت، ی ـ مان، تا، یان) + نارد + یـ + ( م، ی، Ø ـ ین، ن، ن) + ە ـ نەم ناردیتیە، نەم ناردیە ـ نەم ناردینە ، نەم ناردینە

ـ نەت ناردیمە، نەت ناردیە، نەت ناردیتینە، نەت ناردینە

ـ نەی ناردیمە، نەی ناردیتیە، نەی ناردیە، نەت ناردیتینە، نەت ناردینە، نەی ناردینە

ڕێم گرتیە، ڕێت گرتیە، ڕێی گرتیە ـ ڕێمان گرتیە، ڕێتان گرتیە، ڕێیان گرتیە

## 3.8 جیاوازی فەرهەنگی (لێکسیکی)

زار و شێوەزارەکان لەژێر کاریگەری فیزیکی و دەوروبەر و کۆمەڵایەتیدا دیاردەی جیاواز لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەم دیاردەیە زیاتر هەستی پێ دەکرێ،هەندێ جاریش هەمان فۆڕم بەواتای جیاواز لەزارەکاندا بەکاردێ.ئەم دوو جۆرە جیاوازییە هەردووکیان لە زارەکانی کوردیدا دەبینرێن(فەتاح: 2011 : 114)

**أ.** هەکارهێنانی وشەی جیاجیا بۆ هەمان دیاردە

لەناو شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاستدا جیاوازی فەرهەنگی لە زۆر وشەدا بەدی دەکرێ، ئەگەر بەراوردێکی هەندێ لەو وشانە بکەین لەنێوانیاندا و تەنانەت لەگەڵ زاری ستاندارددا زیاتر جیاوازییەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێ و کە ئەم وشانەی شێوەزاری کۆیە وەك تایبەتییەك لەپاڵ ئەو سیما جیاکەرەوانەی تر دەبنە پێناسەیەك بۆ ئەو کەسانەی بەو شێوەزارە قسەدەکەن و وەك کۆییەك دەستنیشان دەکرێن. سەرنج و بەراوردی ئەم دیاردانە بکەین، ئەوەمان زیاتر بۆ ڕووندەبێتەوە:

| شێوەزاری کۆیە | شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەولێر |
|---|---|---|
| زرۆبی | نان ساجی | ناوسێری |
| مشکی | خۆڵە مێش | خۆرە مێش |
| دۆخین | بەنە خوێن | دۆخین |
| شیشۆق | پارچە شوشە | شوشە |
| نهۆم | قات | تابق/قات |
| دەلوجە | بیبەری شیرن | بیبەری شیرین |
| ئاروو | خەیار | خەیار |
| گوفك | زبڵدان/سەرگوێلك | گوفەك |
| ئەنگوست | پەنجە | ئەنگوست |
| ڕەژو | خەڵوز | ڕەژو/ ڕەژی |

زۆر وشەو دەستەواژەی تریش، کە تایبەتە بە ناوچەی کۆیە و لەشێوەزاری کۆیەدا بەکاردێ، هەندێك لەوانە:

شاگەشکە، سەرەویلك، گانجل، خەلا، کۆتك، لەگەن، تەشتۆکە، دەستەباشی، قسە لەمست، سەرکۆنە، خەنی، قشتیلە، قۆز، کوچکە بەرد، خرکەبەرد، شەلەگە، لینگەوقوچ، دەلینگ، قولەتێن، قۆڵت، قۆتڕ، بزۆت، پشکۆ، خرچان، گاشە، گاشە بەرد، جینگەنە، قاندڕ، کۆتەرە، ڕەتبردن، تاتوك، حەپەسان، لەچەگ، هەیوان، هۆدە، یاپراخ، بەراگێڕ، گروك، پوشتە .....

**ب.** هەمان فۆرم بە واتای جیاواز

هەندێ جار هەمان فۆرم لە زارەکاندا بە واتای جیاواز یا واتای پێچەوانەی هەیە، بۆ نمونە : لە شێوەزاری کۆیەدا وشەی (تەرز) بە واتای جۆر، دیارو هەڵکەوتو یا دەستەبژێر دێت، دەوترێ : ئەو تەرزە پیاوانە کەم ماون. لە شێوەزاری سلێمانیدا بەو دلۆپە بارانە دەوترێت (تەرزە)، کە لە ئاسمانیدا دەیبەستێ و دەکەوێتە سەر زەوی. لەکۆیەدا دەگوترێ: تەزرە، کە لە تەزین و زۆر ساردییەکەیەوە هاتووە.

لە کۆیە دەوترێ: ( ڕوون)، بەواتای چەورایی دێ، کە بەکار دێ بۆ چێشت لێنان، یا چەورکردنی ئامێر و کەلوپەلەکان تا توشی خوران نەبن، لە سلێمانیدا دەوترێ (ڕۆن). لە سلێمانیدا (ڕوون) بەواتای ساف و بێگەرد و پاك دێت. بۆ هەمان واتا لە کۆیەدا دەوترێ: ڕۆن. کەواتە لە هەردوو شێوەزارەکەدا ئەم دوو وشەیەی سەرەوە واتای پێچەوانەیان هەیە.

لە کۆیەدا (یا) بۆ ڕێزلێنان لە ڕەگەزی مێینەی بەرامبەر بەکاردێ، واتە خوشکی گەورە، کە لە وشەی (یایی)هوە هاتووە، دەوترێ: یا عاسمە، یارەحمە...... لەبەرامبەر وشەی ڕێزلێنانی پیاودا(کاك) دێ. هەروەها، یایەی دایە : خوشکی گەورەی داك. کە ئەم بەکارهێنانە تایبەتە بە شێوەزاری کۆیە و کۆییەکان، لەشێوەزارەکانی تری کرمانجیی ناوەڕاستدا وشەی (یا) بۆ بانگکردن و هاوارکردن بەکاردێ، وەك یاشێخ، یامحمد .

## 4. ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

1. کۆیە تایبەتمەندییەکی شێوەزاری هەیە، کە جیاوازە لەهەموو ئەو جیاوازییانەی لە شێوەزارەکانی تری کرمانجیی ناوەڕاستدا هەیە.
2. جیاوازیی دەنگی و فۆنیمی لەهەندێ وشەدا دیاری دەکرێت.
3. ئەو جیاوازییانەی لە مۆفۆلۆجیدا بەدی دەکرێت، لەسەر بنەمای جیاوازی هەندێ مۆرفیم و وشەی تایبەت بە شارەکەیە لەگەڵ شێوەزارەکانی تردا.
4. هەندێ جیاوازی لە ئاستی سینتاکس بەدی دەکرێ لە ڕۆنانی گرێ، دۆخ و وەرگرتنی مۆرفیمی ڕەگەزی ناوەکان .
5. لەڕووی لێکسیکییەوە هەندێ وشەمان دەستنیشان کردووە، کە تایبەتن بە شێوەزاری کۆیە و مۆرکی ئاخێوەرانی شارەکەیە و جیایە لە شێوەزارەکانی تر.

### 6. سەرچاوەکان

#### 6.1 بە زمانی کوردی

2011 ، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(124)، هەولێر .

حەمەد، یارا قادر، 2013 ، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

سەعید، یوسف شەریف، 2011 ، زمانەوانی، کۆکردنەوەی: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات ـ هەولێر .

شوانی، ڕەفیق، 2009 ، زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر

علی، طالب حسێن، 1989 ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیا ردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین .

فتاح، محمد معروف، 2010 ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، 2009 ، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی هەشتەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەکاسیا، هەولێر .

مارف، ئەورەحمانی حاجی، 2014 ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، ڕێکخستن و پێداچوونەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر .

مستەفا، چیا عەلی، 2008 ، راده و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، بلاونەکراوە .

وافی. عبدالواحد. 2007 ، زانستی زمان ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە د. ئیبراهیم عەزیزئیبراهیم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی گشتی هەولێر .

وەیس، غازی فاتح، 1984 ، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان .

ئەمین، وریا عومەر، 2009 ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

#### 6.2 بەزمانی عەرەبی

حداد، محمد سعيد، 2008 ، المعجم الأكاديمي في علم اللغة والصوتيات، دار شموع الثقافة .

خلاف, مسعودة، 2011 ، التعليمية وإشكالية التعريب فى الجزائر العلوم الأقتصادية نموذجا، رسالة دكتوراه علو فى اللسانيات، جامعة منتوري قسنطينة، جزائر

دى سوسور، فردينان، 1985 ، علم اللغه العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، دار آفاق عربية، بغداد.

الذوابة، طراح، 2010 ، انترنت، أسباب ظهور اللهجات، تقرير مقدم للأستاذ الدكتور: سيد أحمد علي الصاوي، كلية الدراسات الأسلامية والعربية، دبي .

زهران، البدراوى، 2008 ، محاضرات في علم اللغة العام، ط1 ، دار العالم العربى، ج1، القاهرة.

شفيع الدين، محمد، 2007 ، اللهجات العربية و علاقتها باللغة العربية الفصحى، المجلد الرابع، دراسات الجامعة الأسلامية العالمية، شيتا غونغ، بنغلادش.

طليعات، غازى مختار، 2000 ، فى علم اللغة، طبعة الثانية، دار الطلاس، دمشق .

فارع شحده، حمدان جهاد، عايره موسى، العانى محمد، 2006 ، مقدمه فى اللغويات المعاصره، الطبعة الثالثة، ا دار وائل للنشر والتوزيع ، الأردن ـ عمان .

فريحة، أنيس، 1989 ، اللهجات وأسلوب دراستها، الطبعة الأولى، دارالجيل، بيروت .

لوكان، مارسيل، 2007 ، الأنسان و لغته من الأصوات الى اللغة (الكلام)، ترجمة مارى شهرستان، صفحات للدراسات والنشر .

لوينز، جون، 2009 ، اللغه واللغويات، ترجمة محمد العنانى، الطبعة الاولى، دار جديد للنشر والتوزيع، عمان ـ الأردن

ماريوباي، 1998 ، أسس علم اللغة، ترجمة وتعليق: د. أحمد مختار عمر، الطبعة الثامنة، عالم الكتب، القاهرة .

مراد، وليد محمد، 1986 ،المسار الجديد في علم اللغة العام، دمشق.

#### ٦.٣ بە زمانی فارسی

آگرى، وليام. و مايكل دابروولسـكى و مارك آرنف، 1388 ، در آمدى بر زبان شـناسى معاصر، ترجمة: د. على درزى، چاپ و صحافى مهر، قم .

حسـينى، محمد ضياء، 2010 ، مبانى زبان شـناسى، چاپخانه رعايت،چاپ دوم، انتشـارات رهنما، تهران .

سيما و زيرنيا، 1379 ، زبان شناخت، سلسله انتسارات نشر قطره، تهران .

فرامكين، ويكتوريا. رادمن، رابرت. هيامز، نينا، 2009 ، در آمدى بر زبان، ترجمة: (على بهرامى و سهيلا ضياءالدين)، چاپ رهنما، تهران .

يول، جورج، 1379 ، برسى زبان، ترجمة: على بهرام، چاپخان نقرەفام، چاپ اول، انتشـــارات رهنما، تهران.

#### ٦.٤ بە زمانی ئینگلیزی

Bauer, Lauer. 2007 , The Linguistics, Student's Handbook, Edinburgh University Press Ltd.

Chambers, J.K & Trudgil, Peter. 2004, Dialectology, Second Edition, Cambridge University

#### ٦.٥ گۆڤار

بکر، بنار عبدالخالق. 2016 ، بەگەرخستنی ژینگەی سروشتی زێی بچووك لە قەزای کۆیە بۆ لایەنی ئابووری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (7)، بەرگی (3)

#### ٦.٦ نمونە وەرگیراوەکان:

ئاخاوتنی خەڵکی کۆیە، ( ئەمیر حاجی رەزا ـ لەدایکبووی 1963 ، جبار عەزیز زەینەڵ ـ لەدایکبووی 1965 ، کەریم سەلیم ـ لەدایکبووی 1931 ، کوردستان کاکە ئەسعەد ــــ لەدایکبووی 1960 ، اسماعیل حمە کاکە ـ لەدایکبووی 1957

حەمەد بەگ، جەواد. 2015 ، بەشـــێکی تر لە شـــیعرەکانی ســـامی عەودال، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە .

سەید برایم، ڕەهبەر. 2014 ، پرشنگەکەنی کەکۆن، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهاب هەولێر.